المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەییدا

پ.ی.د.کاروان عمر قادر

بەشی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سلێمانی– سلێمانی – عێراق

Karwan.qadir@univsul.edu.iq

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناوی (تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەییدا) هەوڵی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە دەدات، کە زمانی کوردیش وەك هەر زمانێکی تر خاوەنی داڕشتەیەکی ئاوێتەکراوی (گرێ و هێڵەگرێدەرە)کانە، کە پێکهاتەی تۆڕبەندی زمانی کوردی پێکدێنن. یەکەی سەرەکی ئەم تۆڕبەندەش وشەیە، کە پەیوەندی نێ‌ان ئاخاوتن و تێگەیشتن لە زماندا دەرەخسێنێت. لەم ڕوانگەیەوە وشەکان بریتین لە گرێیەکان، کە هەموو بەش و پارچەکانی زمانەکە پێکەوە دەلکێنێت و دەیکاتە تۆڕبەندێك. بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و گەیشتن بەم ئامانجە، لێکۆڵینەوەکە پەیرەوی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) لە ناو قوتابخانەی زمانەوانی (زانستی زمانی درکپێکردن) کردووە. لێکۆڵینەوەکە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی تیۆری و کارەکییانە شیکردنەوە بۆ گرێ و هێڵەگرێدەرەکانی تۆڕبەندی وشەکان لە زمانی کوردیدا بکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکە بە سەر چوار تەوەرەدا دابەشکراوە: تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (زمانی کوردی وەك تۆڕبەندێکی چەمکییانە) یە و تێیدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی تیۆری و کارەکی گریمانەی تۆڕبەندی زمان شیبکرێتەوە و بنوێنرێت بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا. تەوەرەی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ سەرناوی (درکپێکردنی ڕێزمانی وشەیی بۆ مۆدولارێتی چەمکیلەکانی چەمك) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کارەکی ڕوانگەی مۆدولارێتی تۆڕبەندی چەمك بخرێتەڕوو. تەوەرەی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەش بۆ سەرناوی (میراتی گریمانەیی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردی) تەرخانکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە تیۆری (میراتی گریمانەیی) بە شێوەیەکی تیۆرییانە شیبکرێتەوە و دواتر لێکۆڵینەوەکە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی کارەکی شرۆڤەی تیۆرییەکە لە ڕوانگەی داڕشتەی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردییەوە بکات. هەرچی تەوەرەی چوارەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەشە بۆ سەرناوی (درکپێکردنی تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی) تایبەتکراوە، کە تێیدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی کارەکی جەخت لە دروستی گریمانەی تۆڕبەندیی بکرێتەوە لە داڕشتەی مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی کوردیدا.

## المستخلص

إنَّ هذا البحث المُعَنوَن ب "**شبكة من الكلمات في قواعد الكلمة**" محاولة لتوضيح كون اللُّغة الكورديّة كغيرها من اللُّغات الأُخرى لديها تركيبة ممزوجة مكونة من شبكة واسعة متصلة الأجزاء. وإنَّ وحدة الأساس لهذه الشبكة هي الكلمة، والتي تتسق العلاقة بين الكلام والفهم في اللُّغة. وَفقًا لهذا المنطلق فإنَّ الكلمة هي نقطة اللقاء والربط شبكيًا بين جميع أجزاء اللُّغة. لذا من أجل الإنجاز والتحقيق انتهج البحث نظريّة **قواعد الكلمة** في إطار المدرسة اللُّغويّة –**اللِّسانيّات المعرفيّة**–. وانطلاقًا من هذا المنظور يتألف البحث من أربعة محاور: الأول "**اللُّغة الكورديّة كشبكة مفهوميّة**" حيث عُرِضَ فيه شرح وتقييم الرؤية الشبكيّة نظريًّا وعمليًّا

في اللُّغة الكورديّة بشكل خاص. أما في المحور الثاني وعنوانه " **إدراك قواعد الكلمة لنمطيّة المفهوم**" كان توضيحًا من الناحية الفعليّة لفهم وإدراك قواعد الكلمة لنمطيّة شبكة المفهوم في اللُّغة الكورديّة. أما المحور الثالث والذي يحمل عنوان " **الميراث الافتراضي لشبكة قواعد اللُّغة الكورديّة**" قُدمِت فيه نظريًا فرضيّة الميراث لنظريّة **قواعد الكلمة** أولاً، وثانيًا تمَّ شرح وتقييم هذه الفرضيّة في تكوين الشبكة اللُّغويّة لقواعد اللُّغة الكورديّة عمليًا. وفي المحور الرابع والأخير بعنوان "**معرفة الشبكة الصرفيّة في اللُّغة الكورديّة**" تمَّ إثبات فرضيّة الشبكة لعلم الصرف في اللُّغة الكورديّة.

## *Abstract*

The current research "Network of Words in Word Grammar" intents to interpret and analyze the opinion that Kurdish language like any language has a blending structure of nodes and Links, which make it network component. The main unit of this network is a Word, which organizes the connection between speech and comprehension in language. According to this view, the words are a node that connect all the parts and pieces of the language and make it like a network. For the achievement and investigation of these goals, the research followed the theory of (Word Grammar) in the framework of the school of (Cognitive Linguistics). The research tries to analyses theoretically and practically the node and links of network words in Kurdish language. The research is divided into four sections: The first section is entitled "Kurdish Language as Network of concepts", ventures to represent and evaluate the network hypotheses theoretically and practically especially in Kurdish language. The second section entitled "Word Grammar Perception to Modularity of Concept", attempts to practically illustrate the perspective of modularity of network of concept in Kurdish language. The third section entitled "Default Inheritance in Kurdish Grammar Network", attempt to analyses the hypotheses of "Default Inheritance" theoretically, then the research practically try to reanalyze and represent this hypotheses in configuration of Kurdish grammar network. The fourth and last section entitled "Cognition of Morphology Network in Kurdish Language", endeavors to confirm the network hypotheses in morphology of Kurdish Grammar.

## **ا‌پیشه‌کی**

**ڕێزمانی وشه‌یی تیۆرییه‌کی گشتییه بۆ شرۆڤه‌ی داڕشته‌ی زمان. ئه‌م تیۆرییه لقێکه له (زانستی زمانی درکپێکردن** "Cognitive Linguistics"**). مه‌به‌ستی سه‌ره‌کی تیۆرییه‌که ڕوانین و تێڕامانه له داڕشته‌ی زمان وه‌ك داڕشته‌یه‌کی ئاوێته‌کراو، که هه‌موو پێکهاته‌کانی زمان له‌خۆ بگرێت، به شێوه‌یه‌ك له توانایدا بێت گشت تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی زمان په‌یوه‌ست به درکپێکردنی گشتی ئاوه‌زی مرۆڤ شیبکاته‌وه. ئه‌مه‌ش به هۆی ئه‌وه‌ی (ڕێزمانی وشه‌یی**"Word Grammar"**)**[1] **پێوایه، که ده‌بێت زمان شیبکرێته‌وه**

[1] تیۆری (ڕێزمانی وشه‌یی"Word Grammar/WG") له لایه‌ن (Richard Hudson)ه‌وه له ساڵی (1980)دا دانراوه و تا ئێستا هه‌ر گه‌شه‌ی پێده‌دات. خودی ئه‌و تیۆرییه‌شی له دوو تیۆری تره‌وه گه‌شه‌پێداوه، که بریتین له (Systemic Functional Grammar) و ( Daughter Dependency Grammar). کۆی بۆچوونه‌کانیشی له هه‌ردوو کتێبی (English Complex Sentence: An Introduction to Systemic Grammar 1971 ) و (Arguments for a Non-transformational Grammar 1976) خستۆته‌ڕوو. به‌مشێوه‌یه دۆزینه‌وه‌کانی (ڕیچارد هه‌دسن) دواتر له تیۆرییه‌کی یه‌کگرتودا به ناوی (ڕێزمانی وشه‌یی"Word Grammar") له کتێبه‌که‌یدا به ناوی (Word Grammar 1984) و زیاتر سه‌لماندنه‌کانی تیۆرییه‌که‌ی له کتێبێکی تریدا به ناوی (English Word Grammar 1990) خسته‌ڕوو. ئه‌م تیۆرییه له ئێستادا پڕۆگرام و ڕێبازێکی کاره‌کییه و بۆته


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و ڕوونبکرێتەوە بە هەمان ئەو ڕێگایانەی چەشن و جۆرەکانی تری کۆزانیاریی ئاوەزی مرۆڤ، یان ڕەفتارەکانی تری مرۆڤ شیدەکرێنەوە. بەمشێوەیە (ڕێزمانی وشەیی) تیۆرییەکی درکپێکردنانەی زانستی زمانی درکپێکردنە، کە داڕشتەی زمان وەك (تۆڕبەندیك"Network") دەبینێت. ئەم تۆڕبەندەش (واتە زمان) ئاوێتەی بەشەکانی تری درکپێکردنی گشتی مرۆڤە. سەرناوی تیۆرییەکە (ڕێزمانی وشەیی) پێشنیاز و پێشبینی ئەوە دەخاتەڕوو، کە یەکەی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ شرۆڤەی داڕشتەی زمان (وشە)یە، کە لە دوو توێی تیۆرییەکەدا وەك یەکەی بنەمایی بۆ هەموو جۆرە شیکردنەوەیەکی داڕشتەی زمان بەکاردێت. بە تێڕوانینی ئەم تیۆرییە لە تۆڕبەندی زماندا ئاستەکانی زمان سەر لە نوێ دادەڕێژرێتەوە، بە شێوەیەك بە ڕامانی ئەم تیۆرییە زمان لە ( دەنگسازی، ڕێزمان، سیمانتیك) پێکدێت. خودی ڕێزمانیش پێکهاتەیەکی ئاوێتەی جیانەکراوەی (فەرهەنگ و ڕێزمان)ە، کە (وشە) یەکەی سەرەکییەتی. ئەمەش لە بەر ئەوەی (وشە) هەم یەکەی فەرهەنگە و هەم یەکەی مۆرفۆلۆژیش وشەیە.

هەرچی سینتاکسیشە بە ڕوانینی ئەم تیۆرییە تەنها بریتییە لە ئەرکی تەواوکاری و پاڵپشتی نێوان وشەکان. بەمشێوەیە (وشە) یەکەی سەرەکیی ڕێزمانە و هەر (وشە)شە، کە بەرەو سیمانتیك دەمانبات. بەمەش پەیوەندیی نێوان (دەنگسازی و سیمانتیك/ واتای ئینسکلۆپیدی) پەیوەندییەکی تەواو ناڕاستەوخۆیە و تەنها ڕێگەی پەیوەندیی نێوانیان ڕۆڵی سەرەکیی (وشە)یە لە تۆڕبەندی ڕێزمان و زماندا. هەربۆیە بە ڕامانی ئەم تیۆرییە (وشە) یەکەی سەرەکیی داڕشتەی زمانە و هەر ئەویش دەبێت یەکەی سەرەکیی شرۆڤە و شیتەڵی داڕشتەکە بێت. کەواتە (وشە)کان ئەو گرێیانەن، کە بەشەکانی زمان تۆڕبەندییانە بەیەکەوە دەبەستن. هەر لە بەر ئەمەشە سەرجەمی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) هەوڵی شرۆڤەی تۆڕبەندی زمان لە ناو تۆڕبەندی درکپێکردنی گشتی ئاوەزی مرۆڤدا دەدات. هەر لەم پێناوەشدا ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تیۆرییەکە و تەکنیکی نواندنی شرۆڤەکانی تیۆرییەکە زیاتر هەوڵدەدات مۆدێلی تۆڕە بچوکەکانی هەر تۆڕبەندێکی چەمکێك لە ناو تۆڕبەندی گشتی چەمکییانەی زماندا بۆ ئاخێوەرێکی نموونەیی زمان دابڕێژێت.

گەرچی ڕێزمانی وشەیی هەم ڕوانینی بۆ زمان وەك پێکهاتەیەکی درکپێکردنی گشتی ئاوەزی مرۆڤ و هەم شیتەڵکردنەکانی بۆ زمان لە سەرجەم گریمانە و تیۆرییەکانی تری زمانەوانی گشتی تەواو نوێ و جیاوازە ، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لێیان دابڕاو نییە، بگرە پایە گریمانییەکانی خودی تیۆرییەکە لە قوڵایی زمانەوانی گشتییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم سەرچاوە گرتنەش ڕاستەوخۆ لە گریمانەکانی تیۆرییەکەدا ڕەنگدەدەنەوە، کە گرنگترینیان بریتییە لە بەکاربردنی بۆچوونی (تەواوکەری وشە بۆ وشە "-Word Word Dependencies")ی (ڕێزمانی تەواوکەریی "Dependency Grammar")، کە بە هۆیەوە تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) ڕەتی بەکاربردنی (دروستەی فرێز)ی کردۆتەوە و پێوایە، کە خودی ڕستەکانیش تەنها و تەنها بریتین لە (تەواوکەری نێوان وشە تاکەکان). بەمەش بە تێڕوانیی (ڕێزمانی وشەیی)، (وشە) هەم بچوکترین و هەم گەورەترین یەکەی ڕستەسازییە Kruijff, G., M.:2002, 21-30). لە ڕوانگەی ئەم پەیپێبردنانەشەوە (ڕێزمانی وشەیی) پێیوایە، کە: ((ڕستە تەنها یەك دروستەی هەیە)) (Morley, G., D.:2000, 23-27). تیۆرییەکە بە مەبەستی شیکردنەوەی ئەم دروستەیە، تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان وشەکان بەکاردێنێت. خودی ئەم پەیوەندییە ڕێزمانیانەش لە ڕێگەی ناونانی گرێ و هێڵە گرێدەرەکانی ئەم گرێیانەوە دەخاتەڕوو و بە مەبەستی دەست بە سەرداگرتنی جیاوازیی نێوان دەربڕاوە زمانییە ئاساییە یاسادارەکان و دەربڕاوە ناوازە لە یاسادەرچووەکان، ڕێسای (میراتی گریمانەیی "Default Inheritance")[2] بەکاردەبات. پەیوەندی نێوان ئەم دەربڕاوە یاسایی و ناوازانەش لە تۆڕبەندێکی پەیوەندیداردا ڕێکدەخات و لە سەر بنەمای ئەم ڕێکخستنەش پێیوایە، کە زمان تۆڕبەندێکی چەمکییە، کە تێیدا

---

ئینسکلۆپیدییایەکی شیاو لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی سەرەتاکانی ئەم تیۆرییە و گەشەکردنە بەردەوامەکانی، کە تا ئێستا بەردەوامە، بڕوانە: Sugayama, K. and Hudson, R. (2006: xi, xiv)

[2] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ڕێسایە، بڕوانە شرۆڤەکانی ئەم چەمکە لە لاپەڕە (20–29)ی تەوەرەی سێیەمی ئەم لێکۆڵینەوەی و سەرچاوە پێشکەشکراوەکانی.

تۆڕبەندانە (وشە) بە واتا و فۆرم و پۆلە وشە و سەرجەم بەکاربردنەکانی تریەوە پەیوەستکراون. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (ڕێزمانی وشەیی) پێوایە، کە ئەم تۆڕبەندە چەمکییە (واتە زمان) زیاتر وەك (شاوەچە"Prototype") لە ناو تۆڕبەندەکەدا ڕێکخراون و هیچ بەربەستێکی ڕوون لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی ئەم تۆڕبەندە چەمکییەدا بوونی نییە. هەربۆیە لەم تیۆرییەدا هەم (فەرهەنگ و ڕێزمان) و هەم (واتای زمانی و واتای ئینسکلۆپیدی) لە یەك جودانین (Allwood, j. and Gardenfors, P.:1999,116)

بەمشێوەیە دەبینین، کە (ڕێزمانی وشەیی) تیۆرییەکی تەواو جیاوازی هەڵقوڵاوی دەرهاویشتە پەیوەستەگییەکانی زانستی زمانی گشتییە، کە خاوەنی گریمانە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆیەتی. هەربۆیە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی بەکاربراوی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)ە، کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (درکپێکراوی شیکارییە) بە تەکنیکی نواندنی تۆڕبەندانەی وشەیی. لێکۆڵینەوەکە داتاکانی لێکۆڵینەوەکەی لە ئاخێوەرانی دیالێکتی (کرمانجی ناوەڕاست)ی زمانی کوردی وەرگرتووە. هەر لێرەشەوە گرنگی لێکۆڵینەوەکە دەکرێت بگوترێت لەوەدایە، کە بە هۆی ئەوەی (دەربڕاوە مۆرفۆسینتاکسییەکان و کرداری شکاوە) زمانی ئاخاوتن و نووسینی ئاخێوەرانی (زمانی کوردی/ دیالێکتی کرمانجی خواروو) تەنیووە و بەشێکی زۆری ئاخاوتنەکانیان پێکدەهێنێت، هەربۆیە شرۆڤەکانی وەها تیۆرییەك ڕوناکی زۆر دەخاتە سەر پەنها زمانەوانییەکانی دەربڕاوە زمانییەکانی ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی، کە لە ئێستادا لە ئاستی واتای میتافۆرییدا بەکاردەبرێت. ئەمە جگە لەوەی، کە لێکۆڵینەوەکە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی و چییەتی (کاری وشەیی) لە فێربوون و فێرکردنی زماندا پێشکەشدەکات و لە داهاتودا دەکرێت ببێتە بنەمای داڕشتنی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت و سودی بۆ فێرخوازانی زمانی کوردی هەبێت.

لە ڕوانگەی خستنەڕووەکانی سەرەوە و بە مەبەستی هێنانەوە و سەلماندنی زانستی تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەیی زمانی کوردی لە چێوەی گریمانەکانی (ڕێزمانی وشەیی)ی قوتابخانەی (زانستی زمانی درکپێکردن)دا. خودی لێکۆڵینەوەکەش بە سەر چوار تەوەرەی سەرەکیدا دابەشکراوە، کە لە هەر تەوەرەیەکیدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی تیۆریی و کارەکییانە شرۆڤەکان لە ڕوانگەی تیۆرییەکەوە لە سەر زمانی کوردی بنوێنرێت. بەمشێوەیە تەوەرەی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە بۆ (زمانی کوردی وەك تۆڕبەندێکی چەمکییانە) تەرخانکراوە، کە تێیدا ڕێکخراوەی تۆڕبەندی چەمکییانەی زمان بە شێوەیەکی گشتی و زمانی کوردی بە شێوەیەکی تیۆری و کارەکی شرۆڤەکراوە. تەوەرەی دووەمیش بۆ (درکپێکردنی ڕێزمانی وشەیی بۆ مۆدولاریتی چەمکیلەکانی چەمك) تەرخانکراوە و تێیدا بە ڕوانینێکی جیاواز و تۆڕبەندییانە گریمانەی مودولاریتی بۆ درکپێکردنی تۆڕبەندی چەمکییانەی زمانی کوردی بە شێوەی تیۆری و کارەکی نوێنراوە. تەوەرەی سێیەمیش بۆ (میراتی گریمانەیی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردی) تەرخانکراوە و تێیدا چەمکی (میراتی گریمانەیی) بە شێوەیەکی تیۆری خراوەتەڕوو و دواتر کارەکییانە ئەم چەمکە لە درکپێکردنی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردیدا شیتەڵکراوە. هەرچی تەوەرەی چوارەمیشە بۆ (درکپێکردنی تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی) تەرخانکراوە و بە شێوەیەکی کارەکییانە پاساودانی گریمانەی تۆڕبەندی وشەیی ڕێزمانی کوردی لە مۆرفۆلۆژیدا بەرجەستەکراوە.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا درکپێکردنانە و لە ڕێگەی شیکردنەوە سەلمێنراوەکانەوە گرنگترین ئەنجامەکان خراوەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم// زمانی کوردی وەك تۆڕبەندێکی چەمکییانە:

گریمانەی تۆڕبەندیی زمان بریتییە لەوەی، کە ((زمان بریتییە لە تۆڕبەندێکی چەمکییانە)) (Geeraerts, D. and Cuyckens, H. :2007, 509). خودی ئەم گریمانەیەش لە بنەڕەتدا یەکێکە لە گریمانە سەرەکییەکانی (زانستی زمانی درکپێکردن) شرۆڤەی گریمانەکەش ڕەتکردنەوەی بۆچوونە چاولێکەرییەکانە، کە لە تیۆرییە چاولێکەرییەکاندا بۆ زمان دانرابوو و پێیانوابووە، کە زمان زیاتر بریتییە لە هەردوو پێکهاتەی (فەرهەنگ و ڕێزمان)، کە ئەمانیش بۆ خۆیان لە لیستی ڕێسا و یاساکان و لیستی کەرەستە لێکسیمییەکان پێکهاتبوون. بە هەرحاڵ هەروەکچۆن ڕوانین لە زمان وەك تۆڕبەندێکی چەمکییانە بنەمای گریمانەکاری قوتابخانەی (زانستی زمانی درکپێکردن)ە، بەهەمانشێوەش بیرۆکەی سەرەکیی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)ە، کە لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە هەر پێکهاتەیەکی زمان لە خۆیدا وەچە تۆڕبەندێکە لە چێوەی تۆڕبەندی گشتی زماندا لە ناو چوارچێوەی تۆڕبەندی درکپێکردنی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گشتی ئاوەزی مرۆڤدا. بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت، کە (فەرهەنگ) بریتییە لە تۆڕبەندی (فۆڕم و واتا و لێکسیمەکان). بەڵگەی سەلماندنی تۆڕبەندی (فەر هەنگ)یش لەو ڕاستییەوە دێت، کە کەرەستە زمانییەکان لە نێوان بەشەکانی ئاخاوتندا لە کۆپەیوەندییەکی زۆر و زەوەندان و هەرگیز ناتوانرێت بگوترێت (فەرهەنگ) بریتییە لە لیستی کەرەستە زمانییەکان، کە تێیدا هەر کەرەستەیەک (یەک فۆڕم و یەک واتا و یەک پۆلە وشەی)(Jakendoff, R.:2002, 38-41) هەیە، بەڵکو لە ناو فەرهەنگدا کەرەستە هەیە، کە زیاتر لە واتایەکی هەیە (وەک وشە فرەواتاکان)، یان دوو لێکسیمان هەیە، کە بەشداری لە گەیاندنی هەمان واتادا دەکەن (وەک وشە هاوواتاکان). ئەمە جگە لەوەی، کە هەر لە فەرهەنگدا کەرەستە هەیە زیاتر لە یەک فۆڕمی هەیە (وەک وشە هاوبێژەکان). بەمەش دەسەلمێت، کە (فەرهەنگ) بریتی نییە لە لیستی کەرەستە زمانییەکان، بەڵکو بریتییە لە تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان کەرەستەکان بە شێوەیەکی چەمکییانە. بێگومان ئەم کۆپەیوەندییانەش، کە لە نێوان (فۆڕم و واتا و پۆلە وشەی) کەرەستە زمانییەکانی ناو فەرهەنگدایە زیاتر سانایانە بە هۆی تۆڕبەندێکەوە دەنوێنرێت، کە هیچکام لەم کەرەستە زمانییانە نابنە بنەما بۆ پۆلکردن و ڕێکخستنی زانیارییەکان. ئەمە جگە لەوەی دانانی (فەرهەنگ) بە لیستی کەرەستە لێکسیمییەکان پرسیارێکی لۆژیکی وەها دێنێتە گۆڕێ، کە خودی بۆچوونەکە ڕەتبکاتەوە، بە تایبەتی دەربارەی لێکسیمە (فرەواتا و هاوواتا و هاوبێژەکان)، کە بۆ نموونە ئایا وشە فرەواتاکانی وەک ( نموونەی 1)دا کەسی ئاخێوەر، یان گوێگر واتای (دەم، دیالێکت، دەروازە)ی ئەم وشە فرەواتایە بۆ هەمان کەرەستە دەگەڕێنێتەوە یان بۆ کەرەستەی هەمەجۆر و جیاواز؟ یان ئایا دوو وشەی هاوواتای وەک (نموونەی 2) بۆ نموونە دوو واتا دەبەخشن، یان یەک واتا؟ یان ئایا دوو وشەی هاوبێژی وەک (نموونە 3)، ئایا هەمان خوێندنەوەیان هەیە، یان خوێندنەوەی جیاواز؟ ئەی لە نوسیندا چۆن ڕێنووس دەکرێن؟

(1) [ زاری] زارا [زار]ی زمانە.
(2) [فەقیری] بنەمای [هەژاری]یە.
(3) پەنیری [هەمانە] هەم [هەمانە] و هەم هەرزانیشە!

لە ڕاستیدا نواندنی کۆزانیاری مرۆڤ لە (یادگە"Memory")دا لە لایەن (ڕێزمانی وشەیی)ەوە بە مەبەستی دەربڕینی چەمکی بنەمایی تیۆرییەکە لە سەر (تۆڕبەندیی چەمکییانەی زمان) وەک بەشێکی سەرەکیی تۆڕبەندی درکپێکردن لە ئاوەزی مرۆڤدا، وەرگیراوە. ئەم چەمکە بنەمایەش زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە پەیوەندییەکانی ناو (یادگە) بریتین لە خودی (یادگە)، نەک ئەوەی (یادگە) چەمکێک بێت و پەیوەندییە تۆڕبەندییەکانیشی چەمکێکی تر، یان ئەم پەیوەندییە تۆڕبەندییانە تەنها بریتی بن لە هەندێک لایەنی پاشکۆ بۆ (یادگە)، بەڵکو بە تێڕوانینی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) پەیوەندییە تۆڕبەندییەکان بریتین لە خودی (یادگە)ی مرۆڤ، کە تێیدا هەموو کۆزانیاری مرۆڤ (بە کۆزانیاری زمانیشەوە) لە ڕێگەی تۆڕی پەلفراوانی ئەم پەیوەندییە تۆڕبەندییانەوە دەنوێنرێن(Reisberg :1997,257-258 ). کەواتە لێرەوە دەکرێت بگوترێت، کە کۆزانیاری مرۆڤ بە گشتی و کۆزانیاری زمانی بە تایبەتی، کۆزانیارییەکی داکراو(خەزنکراو) نییە لە (یادگە)دا، کە تێیدا هەندێک زانیاری نیشانەکرابێت (وەک سانا فێربوون و گەیاندن و تێگەیشتنی وشە و دەربڕاوە ئاساییە یاساییەکان) و هەندێک زانیاریش نیشانەنەکرابێت (وەک گران فێربوون و گەیاندن و تێگەیشتنی وشە و دەربڕاوە ناوازە لە یاسا بەدەرەکان)، بەڵکو کۆزانیاری مرۆڤ (بە کۆزانیاری زمانیشەوە)، کە (یادگە) جڵەویدەگرێت، زیاتر تۆڕبەندێکی بەرفراوانی پەیوەندییە، کە تۆڕی پەیوەندییەکان لەم پەیوەندییە تۆڕبەندییەدا، گەلێک فراوانتر و چڕترە، کە بتوانرێت بە پەیوەندیی نیشانەکراو (واتە زانیاریی نیشانەکراو) یان پەیوەندی نیشانەنەکراو (زانیاریی نیشانەنەکراو) ڕاڤە بکرێن(Cutler, A.:2005,320-322 ). گەر ئەمە بۆ گشتی کۆزانیاری مرۆڤ، یان کۆزانیاری زمانی دروست بێت، ئەوا هەمان بۆچوونی (تۆڕبەندی پەیوەندییانەی چڕ) بۆ کۆزانیاری ئاوەزی مرۆڤ لە سەر وشەکانی زمانیش ڕاست و دروستە. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت، کە کۆزانیاری ئاوەزی مرۆڤ لە سەر تۆڕبەندی پەیوەندییانەی وشەکانی زمانەکەی، زیاتر کۆزانیارییە لە سەر وەچە تۆڕبەندێکی پەیوەندی، کە بەرپرسە لە گشت پەیوەندییەکانی وشەکان و بەشێکە، یان نمایندەیەکی چالاکە لە سەر هەم تۆڕبەندی پەیوەندیی گشتی زمانەکە و هەم تۆڕبەندی پەیوەندییە درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ. لەم تێگەیشتنەشەوە دەکرێت بگوترێت، کە کۆزانیاری مرۆڤ لە سەر وشەکانی زمانەکەی بریتییە لە خودی زمان. کەواتە زمانیش بریتییە لە تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان وشەکان، کە ئاوێتە کراوە بە بەشەکانی تری کۆزانیاریی درکپێکردنی گشتی ئاوەزی مرۆڤ. بێگومان کاتێک دەگوترێت زمان وەک تۆڕبەندێکی پەیوەندیی نێوان وشەکانە، ئەوا یەکسەر زاراوەی (فەرهەنگ) دێتە ناوانەوە و

ص:30-57 المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (3) – العدد(1), حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زیاتر مەبەست لێی (فەرهەنگ)ە، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێت، کە لە ناو فەرهەنگیشدا زیاتر وشە ناوازەکان، کە بە دەر لە یاسا باوەکانی دروستبوونی وشەی زمانەکە داڕێژراون، زیاتر ئەم وشانە لە شێوەی تۆڕبەندی پەیوەندیداردا داکراون. هەرچی لێکسیمە ئاساییە یاسادارەکانە لە بنەڕەتدا بە شێوەی جیاواز بە هۆی یاسا جیاوازەکانەوە داکراون. واتە لێکسیمە ئاساییە یاسادارەکان بە هۆی یاساکانەوە داکراون، بە پێچەوانەی لێکسیمە ناوازەکان، کە خودی خۆیان داکراون. بە هۆی ئەوەش، کە فۆڕمە ئاساییە یاسادارەکان (فۆڕمە باوەکان) و لێکسیمە ناوازەکان (فۆڕمە ناباوەکان)ی وشەیەکیش لە تۆڕبەندێکی پەیوەندیدان و پەیوەندیدارن، بۆیە ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە بە سانایی دەتوانێت هەم بەکاریانبهێنێت و هەم تێشیان بگات. خودی ئەم پەیوەندییەش لە تیۆری (ڕیزمانی وشەیی)دا بە چەمك و گریمانەی (میراتی گریمانەیی)[3] شرۆڤە کراوە. هەربۆیە هەردوو وەشانی وشەکە (فۆڕمە باو و ناباوەکەی وشەکە) لە تۆڕبەندەکەدا جێیان دەبێتەوە، چونکە درێژکراوەی یەکترین و پەیوەندیدارن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا تۆڕبەندێکی پەیوەندیدار بۆ نواندنی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی ( هاتن) هەیە، کە بە شێکی تۆڕبەندەکە بریتییە لە هەڵگرتنی فۆڕمی کاتی ڕابردووی کردارەکە بە هۆی یاسایەکی گشتییەوە، کە بریتییە لە (ڕەگی کردار+ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو+جێناوی لکاوی بکەریی)، هەروەك لە (نموونەی (4)دا دیارە) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بەشەکەی تری تۆڕبەندەکەش بریتییە لە فۆڕمی کاتی ڕانەبردووی ناوازە و ناباوی کردارەکە، کە لە شێوەی فۆڕمی نموونەی (5) دا دەردەکەوێت و لە تۆڕبەندەکەدا داکراوە (ئەبوبەکر عومەر قادر، 2016: 48–49). پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وەشانەی وشەکەش لە ئاوەزی ئاخێوەردا تەنها لە ڕێگەی گریمانەی (میراتی گریمانەیی)ەوە دەبێت و دەکرێت بنوێنرێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەکان و فۆڕمەکانیان و یاساکانیان و تۆڕبەندی پەیوەندیی وشەکە بڕوانین:

(1) [ هاتم]، [ هاتووم]، [ هاتبووم]، [ هاتبام]، [ هاتبوبام].

(2) [ دێم].




هێڵکاری تۆڕبەندی (1)

**هێلکاری تۆڕبەندی پەیوەندی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی زمانی کوردی**

ئەنجامی شیکردنەوەکانیش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن، کە (فەرهەنگ و ڕێزمان) لە یەك جودانین و ئاوێتەی یەکترین لە پەیوەندییەکی تۆڕبەندییانەی درکپێکراودا، هەروەك (ڕێزمانی درکپێکردن"Cognitive Grammar") و (ڕێزمانی بونیادنان"Construction Grammar")ی قوتابخانەی (زانستی زمانی درکپێکردن) پێشنیازیانکردووە و سەلماندوویانە

[3] بۆ زانیاری زیاتر لە وردەکارییەکانی ئەم گریمانەیە و چییەتی بەکاربردنی لە تیۆریی (ڕێزمانی وشەیی)دا، بڕوانە تەوەرەی (سێیەم)، لاپەڕەی (20–29)ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(Lanbacker, W., R.:2008, 18-21). (ڕێزمانی وشەیی) لە تێڕوانینی تۆڕبەندیی چەمکییانەی بۆ پەیوەندیی کەرەستە زمانییەکان، (تۆڕبەندەکان) وەك (تۆماری هێماکان) شرۆڤە دەکەن. ئەمەش هەم بە مەبەستی شرۆڤەکردنی تۆڕبەندە چەمکییەکە (واتە زمان) و هەم بۆ دانانی تەکنیك و ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی نوێی تایبەت بە تیۆرییەکە. بەمشێوەیە گریمانەی تۆڕبەندی زمان سانایانە بریتییە لە تۆماری هێماکان بۆ نواندنی کەرەستە زمانییەکان. لەم ڕوانگەیەوە تۆڕبەندەکە بریتییە لە (وێنەیەکی بەیانی/ وێنەیەکی کێشراو)، کە پێکدێت لە پۆلی (گرێ "Node")ەکان و پۆلی (هێڵە گرێدەرەکان "Lines"). بەمشێوەیە لە گۆشەنیگای (ڕێزمانی وشەیی)ەوە تایبەتمەندییەکانی ئەم وێنە کێشراوە (واتە وێنەی تۆڕبەندی چەمك یان چەمکیلەکان) بریتین لە:

1. هەر (گرێیەك) بە لایەنی کەمەوە دەبێت پەیوەست بێت بە دوو (گرێی) ترەوە لە ڕێگەی (هێڵە گرێدەرەکان)ەوە . گەر ئەم پەیوەندییە نەبێت ، ئەوا گرێیەکە تەنها بریتی دەبێت لە (خاڵێك) نەك (گرێیەك)، کە دوو هێڵ تێیدا بەیەکدەگەن.
2. (هێڵە گرێدەرەکان) دوو جۆرن، یان ئەوەتا ڕاستەهێڵن، یان ئەوەتا هێڵی چەماوەن، بەمشێوەیەی خوارەوە:

أ. هێڵە گرێدەرەکانی دایك (یان هێڵە گرێدەرەکانی isa)[4]، کە پەیوەندیی ئەندامەکانی پۆلێك دەردەخەن. هێمای ئەم هێڵە گرێدەرە بریتییە لە هێڵێك لەگەڵ سێگۆشەیەکی بچوك لە کۆتایی هێڵەکە. هەروەك لە شێوەی ئەندازەیی (1)دا دیارە:



شێوەی ئەندازەیی (1)

– هێڵە گرێدەری دایك/ isa –

ب. ڕاستەهێڵی تیردار، کە پەیوەندیی نێوان گرێیەکانی تۆڕبەندەکە دەنوێنێت، وەك لە شێوەی ئەندازەیی (2)دا دیارە:



شێوەی ئەندازەیی (2)

3. هێڵە گرێدەری دایك لە هەر کۆتاییەکیدا گرێیەك، یان تیرێکی هەیە، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی گرێیەکانە، وەك لە شێوەی ئەندازەیی (3)دا دیارە:



شێوەی ئەندازەیی (3) – هێڵە گرێدەری دایکی بە گرێ کۆتاپێهاتوو و تیردار –

4. ڕاستەهێڵە تیرداری خاڵی (3) یان لە گرێیەکەوە بۆ سەری تیرەکە، یان لە سەری تیرەکەوە بۆ گرێیەکە، کە دەشێت هەر یەکبن وەك سەرچاوەی گرێیەکە ڕەفتار دەکەن.

5. گرێیەکان هەر هەموویان ناونراون و پۆلکراون، بەمشێوەیە:

[4] لە ڕێزمانی وشەییدا، پەیوەندیی (is-a /isa) لە بنەڕەتدا مەبەست لێی پەیوەندیی پەلە پۆلکراوەکانی پۆلێنێکە، کە بە شێوەیەکی هەرەمی پەیوەندیدارن و لە گشتەوە بۆ تاك درێژدەبنەوە. ئەم پەیوەندییەش لە تیۆری گەشەکردووی (ڕێزمانی وشەیی)دا، وەك (گرێی دایك، گرێی گشتی) ناوزەد دەکرێت، کە بنەمایە بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی تۆڕبەندییانەی هێڵە گرێدەرەکانی چەمکێك. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە: Hudson, R. (2010: 12-13)

ا. گریٚ نەگۆڕەکان، کە وەك ناوێکی وەبیرهێنەرەوە وان.

ب. گریٚ بگۆڕەکان، کە دەرخەری ژمارەیەکە لە نێوان (0 و 1)دا یان دەرخەری ژمارەیەکە بە شێوەیەکی ئاسایی وەك خاڵێکی ناونەنراو.

6. هەموو هێڵە گرێدەرەکان وەك هێڵە گرێدەری نەگۆڕ ناونراون.

ئەم تایبەتمەندییانەی تۆڕبەندی چەمکییانەی (ڕێزمانی وشەیی) دەکرێت بە شێوەیەکی ئەبستراکت لە هێڵکاری تۆڕبەندی پەیوەندی ژمارە (2)دا بنوێنرێت( Geeraerts, D. and Cuyckens, H.:2007, 520):




هێڵکاری تۆڕبەندی (2)

هێڵکاری تۆڕبەندی ئەبستراکتانەی تۆماری هێماکان بە تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)

لەم هێڵکارییەدا تۆماری هێماکان واتایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، کە بریتین لە:

1) هێڵە گرێدەرە سێگۆشەدارەکە پەیوەندیی هێڵە گرێدەری دایك دەنوێنێت، کە تێیدا سێگۆشەکە پشت دەبەستێت بە کاتیگۆرییە باڵا دەستەکە، بۆ نموونە لە هێڵکاری تۆڕبەندی ژمارە (2)دا:

أ. هێڵە گرێدەری دایکی هێڵە گرێدەری (ب) بریتییە لە (ا).

ب. هێڵە گرێدەری دایکی هێڵە گرێدەری (ت) بریتییە لە (پ).

پ. هێڵە گرێدەری دایکی هێڵە گرێدەری (د) بریتییە لە (ج).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

2) خاڵەکانی تیرەکە لە گرێیەکەوە بۆ گرێیەکی تر، کە ناوی پەیوەندییەکەی بۆ ناوناوە، بە واتایەکی تر خاڵەکانی تیرەکە لە گرێیەکەوە بۆ گرێیەکی تر بریتییە لە گۆکردنەکەی لە گرێی یەکەمەوە بۆ گرێی دووەم، بەمشێوەیەی خوارەوە:

پەیوەندیی نێوان گرێی (ا و پ)، گۆکردنێکی (ئەرکێکی) دەبێت، کە بەرهەمەکەی بریتییە لە گرێی (ج)، هەربۆیە خاڵەکانی تیرەکە لە گرێیەکەوە بۆ گرێیەکی تر بریتییە لە ئەرکەکەی/ گۆکردنەکەی، کە لە گرێی یەکەمەوە بۆ گرێی دووەم درێژبۆتەوە، بەمشێوەیە لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە (2)دا دەردەکەوێت:

ا/ پەیوەندیی گرێی (پ) بۆ گرێی (ا)، ئەنجامەکەی بریتییە لە گرێی (ج)، کە وەك گۆکردنی پەیوەندیی نێوان دوو گرێیەکە وایە.

ب/ پەیوەندی گرێی (ت) بۆ گرێی (ب)، ئەنجامەکەی بریتییە لە گرێی (د)، کە وەك گۆکردنی پەیوەندی نێوان دوو گرێیەکە وایە.

پ/ پەیوەندیی گرێی (س) بۆ گرێی (د)، ئەنجامەکەی بریتییە لە گرێی (د)، کە وەك گۆکردنی پەیوەندیی نێوان دوو گرێیەکە وایە.

لە ڕوانگەی شرۆڤە ئەبستراکتەکانی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)ەوە بۆ چۆنیەتی و چییەتی پەیوەندیی نێوان (گرێ) و (هێڵە گرێدەرەکان)، هەروەها بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لەو هەڵە چاولێکەرییانەی، کە (سایکۆلۆژیای درکپێکردن) دەربارەی تۆڕبەندی پەیوەندیدار خستویەتەڕوو و پێوایە، کە هەموو (هێڵەگرێدەکان) هەمان بار و حاڵەتیان هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی، کە هەریەکێکیان خاوەنی (پەیوەندی) ئاسایێن لە تۆڕبەندی پەیوەندییەکەدا، هەروەها هەموو (هێڵە گرێدەرەکان) هەم پۆلکراون و هەم ناونراون. لە ڕاستیدا تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) درکپێکردنێکی تەواو جیاواز بۆ پێگەی (هێڵە گرێدەرەکان)ی ناو تۆڕبەندی پەیوەندی دەخاتەڕوو. ئەمەش بەوەی، کە (ڕێزمانی وشەیی) پێیوایە، کە پۆلکردنی هەر (هێڵە گرێدەرێك) لە مەودایەکی دیاریکراوی تۆڕبەندە پەیوەندیدارەکەدایە، کە لە (هێڵە گرێدەرە) زۆر گشتییەکانەوە (واتە هێڵە گرێدەری دایك) بۆ (هێڵە گرێدەرە مەودا دیاریکراوەکە درێژ دەبێتەوە. لەم پەیوەندییەشدا (واتە پەیوەندی لە هێڵە گرێدەری دایکەوە بۆ هێڵە گرێدەری مەودا دیاریکراو)، هێڵە گرێدەرە مەودا دیاریکراوەکە تەنها مەودایەکی بچوکی دیاریکراوی چەمکەکان دەخەنەڕوو و هێڵە گرێدەرە زۆر گشتییەکەش (واتە هێڵە گرێدەری دایك) خودی مەودای گشتی سەرجەم چەمکەکان دەخەنەڕوو. بۆ نموونە ئەگەر لە تۆڕبەندی پەیوەندییانەی/ چەمکی (مامەڵەی بازرگانی)دا لە هێڵە گرێدەری (شمەك)، کە ناوەکەیەتی و بە وشەی (شمەك) نمایندە دەکرێت، وردببینەوە، ئەوا لەم تۆڕبەندە پەیوەندییەدا هێڵە گرێدەرە زۆر گشتییەکە (کە مەبەست خودی چەمکەکەیە) بە هێمای (مامەڵەی بازرگانی) ناونراوە و وەك هێڵە گرێدەری دایك ڕۆڵدەبینێت، کە پەیوەندییەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ سەرجەم هێڵە گرێدەرە مەودا بچوکەکانی وەك (کڕیار، فرۆشیار، شتومەك،...هتد). بەمشێوەیە هەریەکە لە هێڵە گرێدەری مەودا دیاریکراوی (کڕیار، فرۆشیار، شتومەك، ...هتد) تەنها مەودایەکی بچوکی(واتە چەمکیلەیەکی) هێڵە گرێدەری دایکن (واتە چەمکەکە) دیاریدەکەن نەك هەموو چەمکەکە و تەنها و تەنها بە کۆی تۆڕبەندی پەیوەندییانەی سەرجەم هێڵە گرێدەرە مەودا دیاریکراوەکان پێکەوە، کە پەیوەندیدارن هەم لە ناوخۆیاندا و هەم بە هێڵە گرێدەری دایکەوە، دەتوانن پانتایی چەمکەکە بنوێنن.

لە ڕاستیدا سودی ڕاستەوخۆی ئەم جیاوازییەی شیکردنەوەی تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) بۆ تۆڕبەندی پەیوەندی لە چاو شیکردنەوەکانی (سایکۆلۆژیای درکپێکردن"Cognition Psychology") و (مۆدێلی پەیوەندییەکان " Connectionist Models") ئەوەیە، کە دەتوانرێت هەم بە هۆیەوە سەرجەم هێڵە گرێدەرەکان ناوبنرێن و پۆلبکرێن بۆ (هێڵە گرێدەری دایك و هێڵە گرێدەری مەودا دیاریکراوەکان) و هەم دەشتوانرێت ئەم هێڵە گرێدەرە ناونراوانە وەك گۆکردنی هێڵە گرێدەرەکان لە تۆڕبەندی پەیوەندییەکەدا (واتە چەمکەکەدا) بەکاربێن. هەربۆیە لە تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)دا ئەم تۆڕبەندی پەیوەندییە بە زاراوەی (تۆڕبەندە ناونراوەکان " Labeled Links") ئاماژەی بۆ دەکرێت (Sugayama, K. and Hudson, R.:2006,9).

ص:30-57 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) ,حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لەم پەیپێبردنەشەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە گرێیە مەودا دیاریکراوە ناونراوەکان لە چەمکەکان (کە ناونراون بە هۆی گرێی دایکەوە) تەواو جیاوازن، هەروەك لە نموونەی (4، 5) و هێڵکاری تۆڕبەندی ژمارە (1)دا خرایەڕوو. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە تێیدا گرێی دایکی (ڕابردوو) دەتوانرێت وەك ناوی چەمکەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام جیاوازیشە لە گرێی مەودا دیاریکراوی ناونراوی ڕانەبردووی (دێت)، لە بەرئەوەی گرێی دایکی (ڕابردوو) تەنها چەمکە وەك گرێی دایك بۆ گرێی مەودا دیاریکراوی ناونراوی ڕانەبردوو ڕەفتار بکات.[5]

بەمشێوەیە هەموو چەمکێك لە ئاوەزی مرۆڤدا لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان گرێیەکانییەوە، کە بە هۆی هێڵە گرێدەرەکانیانەوە پێکەوە پەیوەستکراون، بە شێوەیەکی ناوازە شیدەکرێنەوە و ڕاڤە دەکرێن، هەربۆیە Lamb پێیوایە، کە: (( هەموو چەمکێك بە شێوازێکی ناوازە لە ڕێگەی هێڵە گرێدەرەکانیانەوە بە چەمکەکانی ترەوە پەیوەستکراون، هەربۆیە گرێیە مەودا دیاریکراوەکانی هەر چەمکێك گەلێکن))(Sugayama, K. and Hudson, R.:2006,9) . ئەم جیاوازییەی لە نێوان گرێی دایك (واتە ناوی چەمکەکان) و گرێیە مەودا دیاریکراوە ناونراوەکاندا کرا، بە هیچ شێوەیەك بۆ هێڵە گرێدەرەکانی ئەم گرێیانە و ناوی هێڵە گرێدەرەکانیشیان دروست نییە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە خودی هێڵە گرێدەرەکان و ناوی هێڵە گرێدەرەکانیش هەر یەك شتن. ئەمە جگە لەوەی گرێی دایك و گرێیە مەودا دیاریکراوە ناونراوە پەیوەستەکانیان، کە تۆڕبەندێکی پەیوەندییان پێکهێناوە، هێشتا هەر تۆڕبەندێکی پەیوەنداریشە لەگەڵ هێڵە گرێدەرە ناونەنراوەکانی تردا، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی (6) ڕابمێنین:

(6) کـارۆ کیژێی بینی بوو.

لەم نموونەیەدا، کە هەر یەکە لە (کارۆ، کیژێ) دوو گرێی چەمکەکەن (واتە گرێی دایکی "بینی بوو") و هەردوو واتای ئەم دوو ناوەش گرێی مەودا دیاریکراوی ناونراوی گرێی دایکن. لەم نموونەیەدا ڕوون نییە، کە ئایا کرداری (بینی بوو) بە هەردوو ناوی (کارۆ، کیژێ) یان واتای ئەم دوو ناوە یان بە چەمکی ئەم دوو ناوەوە گرێدراوە؟ تەنها کاتێك ئەمە یەکلایەبێتەوە، کە یەکەمجار گرێیەکان ناوبنرێن و پاشان تۆڕبەندی پەیوەندییەکان ڕاڤە بکرێن. بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم کارەش دەبێت سەرەتا بزانرێت، کە بە شێوەیەکی نزیکەیی هەموو وشەکانی زمان هێڵە گرێدەرێکی ناونراون بە سەرچاوە پەیپێبردنەکەیانەوە. واتە لە نمونەکەی سەرەوەدا هەریەکە لە وشەکانی (کارۆ، کیژێ، بینی بوو) بە هۆی سەرچاوەکەیانەوە لە بووندا لە ڕێگەی شارەزاییەوە، مرۆڤ دەتوانێت پەییانپێببات. بەمەش هەریەکە لەو وشانە و تاڕادەیەك زۆرینەی وشەکانی تری زمانیش دەبنە هێڵە گرێدەرێکی ناونراو.

بەمشێوەیە هەر کردارێك، کە بکەری هەیە، ئەوا (هێڵە گرێدەری بکەر"Subject Link")یشی هەیە، یان هەر کردارێك بەرکاری هەبێت، ئەوا (هێڵە گرێدەری بەرکار"Object Link")یشی هەیە، یان هەر کردارێك تەواوکەری هەبێت، ئەوا (هێڵە گرێدەری تەواوکەر"Adjunct Link")یشی هەیە. کەواتە لێرەدا (کردار) گرێی دایکە، کە گرێی مەودا دیاریکراوی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر)ی هەیە. هەربۆیە پێویستە ناوی ئەم گرێیە مەودا دیاریکراوانەش بنێین، چونکە هەریەکەیان پەیپێبردنێکیان هەیە، هەر لە بەر ئەمەشە بە (هێڵە گرێدەری بکەریی، هێڵە گرێدەری بەرکاریی، هێڵە گرێدەری تەواوکەریی...هتد) ناونراون. بەمشێوەیە گۆکردنی هێڵە گرێدەرە ناونراوەکان زیاتر بۆ پۆلکردنی خودی هێڵە گرێدەرەکانە، کە یان وەك یەکن، یان لەیەکتر جیاوازن و

---

[5] لە زمانی کوردیدا چەند کردارێکمان هەیە، کە شێوەی ڕابردوو و ڕانەبردووەکەی یان لە ڕێژەی فەرمانییەکەیدا شێوەکەیان دەگۆڕێت و بەدەر لە یاسای باوی دروستکردنی کرداری ڕانەبردوو یان فەرمان گەرداندەکرێن، بە مەبەستی ئاشنابوون بەم جۆرە کردارانەی زمانی کوردی و چۆنیەتی و چییەتی گەردانکردنی ناوازەیان لە زمانەکەدا، بڕوانە: ا/ وریا عومەر ئەمین (2000: 233–234) ب/ وریا عومەر ئەمین (2004: 132–137)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زانیارییەکی بێ شومار دەگوێزنەوە و بە لابردنیان یان هەژمارنەکردنیان لە تۆڕبەندی پەیوەندییەکەدا گەلێك زانیاری لە دەستدەدەین. بەمەش دەکرێت لە ڕێزمانی وشەییدا و لە ڕاڤەی تۆڕبەندی پەیوەندیدا، خودی هێڵە گرێدەرە ناونراوەکان وەك (ڕیزبەندی دووەمی چەمکەکان "Second-Order-Concepts") مامەڵە بکرێن، واتە تیۆرییەکە ڕێگە دەدات هێڵە گرێدەرەکان وەك ئەو چەمکانەی گرێیدەدەن مامەڵە بکرێن، چونکە لە کۆتایدا چەمکەکان تەنها و تەنها بە هۆی تۆڕبەندی پەیوەندییانەی ئەم هێڵە گرێدەرە ناونراوانەوە دەنوێنرێن. لەم ڕوانگەیەشەوە (ڕێزمانی وشەیی) پێیوایە، کە کرۆکی تۆڕ بریتییە لەوەی، کە پێویستە هەر چەمکێك تەنها یەك جار بنوێنرێت و هێڵە گرێدەرە هەمەچەشنەکانی ئەو چەمکەش بە چەمکەکانی ترەوە پێویستە وەك (هێڵە گرێدەری هەمەچەشن "Multiple Links") نیشانبدرێن نەك وەك کۆپی هەمەچەشنی خودی چەمکەکە Hudson, R. : 2010, (68). ڕاڤەکردنەکانی سەرەوە دەکرێت لە نموونەی (7) و هێڵکاری تۆڕبەندی (3)دا پەیپێببرێت:

(7) ا- [ ئەسپەئاسنین] ، [ پاسکیل]، [ دوو چەرخە]

ب- [ ئۆتۆمۆبێل]، [ ترۆمبێل]، [ سەیارە/ قەمەرە]




پاسکیل { پەیپێبردن: دوو چەرخە
ڕەگ: ئەسپە ئاسنین }

ترۆمبێل { پەیپێبردن: ئۆتۆمۆبێل
ڕەگ: سەیارە/ قەمەرە }

**هێڵکاری تۆڕبەندی (3) هێڵکاری تۆڕبەندییانەی پەیپێبردن بە سەرچاوە و ڕیزبەندی دووەمی چەمکەکان**

ص:30-57 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1), حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەمشێوەیە لە تۆڕبەندی پەیوەندیی درکپێکراودا شیتەڵی چەمك زیاتر درکپێکراوانە ئەنجامەدرێت، کە تێیدا هەر چەمکێك تەنها یەك داڕشتەی هەیە. لە ناو ئەم داڕشتەیەی چەمکەکەشدا (گرێی دایك)، ئەگەر دوو گرێی مەودا دیاریکراو (واتە دوو تایبەتمەندی) چەمکەکە هەمان نرخیان هەبوو، ئەوا لە یەکەم تۆمارکردنی چەمکەکەدا، ئەم هەمان نرخییەی ئەو دوو تایبەتمەندییە بە هۆی نیوە بازنەیەکەوە لە هێڵکاری تۆڕبەندەکەدا دەنوێنرێت، کە هەردوو نرخەکە پێکەوە دەلکێنێت، بەڵام ئەگەر تایبەتمەندییەکانی چەمکەکە (یان گرێ مەودا دیاریکراوەکانی چەمکەکە) هەمان نرخیان نەبوو و جیاوازبوون، ئەوا لەم حاڵەتەدا ناوەکانیان دووبارە دەکرێتەوە لە ناو هێڵکاری تۆڕبەندی چەمکەکەدا، با لە نموونەی (8) و هێڵکاری تۆڕبەندی (4) وردبببینەوە:

(8) میر و کارۆ خونچەیان بینی.

لەم نموونەیەدا، کردارەکە، کە گرێی دایکە (چەمکەکەیە) تۆڕێکی پەیوەندی بە تەواوکەرەکانییەوە هەیە، کە دەتوانرێت لە دوو جۆر پەیوەندیدا پوخت بکرێن. پەیوەندی یەکەمیان بریتییە لە پەیوەندی گرێی دایك بە دوو گرێی مەودا دیاریکراوی هەمان نرخی گرێی دایکەوە (واتە پەیوەندی نێوان چەمکەکە و دوو تایبەتمەندییە هەمان نرخەکەی))، کە بریتین لە (میر و کارۆ) و زیاتر ئەم دوو تایبەتمەندییەی چەمکەکە هێڵە گرێدەرێکی بکەریین، هەربۆیە لە نواندنی داڕشتەی چەمکەکەدا ئەم هەمان نرخییەیان بە نیوە بازنەیەکی شکاوە دەخرێتەڕوو و پێویست بە دووبارەکردنەوەی نوسینیان ناکات. هەرچی پەیوەندیی دووەمیانە بریتییە لە پەیوەندیی گرێی دایك (واتە چەمکەکە/کردارەکە) بە تایبەتمەندی نرخ جیاوازیی گرێی دایکەوە، کە (خونچە)یە و زیاتر هێڵە گرێدەرێکی بەرکارییە، هەربۆیە لە داڕشتەی چەمکەکەدا دەبێت ڕاستەوخۆ ناوی بنوسرێت و بە نیوە بازنەیەکی شکاوە پەیوەندیی بە گرێی دایکەوە بنوێنرێت، خۆ ئەگەر بێتو لە ڕستەیەکی فراوانکراوی ئاڵۆزدا دوو جار یان زیاتر ناوی هێڵە گرێدەری بەرکاری هاتبوو، ئەوا پێویستە ناوی هێڵە گرێدەرە، کە دووبارە بنوسرێتەوە، تاوەکو نرخە جیاوازەکەیان لە ڕستەکەدا و پەیوەست بە چەمکی ڕستەکەوە شیتەڵ بکرێت و لە تۆڕبەندەکەدا بنوێنرێت. شرۆڤەکان دەکرێن لە هێڵکاری تۆڕبەندی (4)دا بخرێتەڕوو:




**هێڵکاری تۆڕبەندی (4)**

**تۆڕبەندی پەیوەندیی داڕشتەی چەمکی ڕستە بە پێی ڕێزمانی وشەیی لە ڕێگەی نواندنی پەیوەندیی گرێی دایك و هێڵە گرێدەرە مەودا دیاریکراوە ناونراوەکانییەوە**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەمشێوەیە هەروەك لە نموونەی (8) و هێڵکاری تۆڕبەندی (4)دا دیارە، لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تۆڕبەندی پەیوەندیی درکپێکراودا ئەوە شیاوە، کە دوو هێڵە گرێدەری هەمان نرخی گرێی دایك لە ڕێگەی ئامرازێکەوە بە گرێیەکی تاك بنوێنرێت. خۆ ئەگەر نرخ جیاوازیش بوون، ئەوا دەبێت سەربەخۆییانە گرێیەکی پەیوەندیی جیاواز بە گرێی دایکەوە بیبەستێتەوە. لەم شیکردنەوەیەشدا یەکەمجار لەم ڕێبازەدا پەیوەندیی نێوان هێڵە گرێدەرە ناونراوەکانی گرێی دایکەکە دەخرێتەڕوو و دەتوانرێت پێیبگوترێت (ڕیزبەندی هێڵە گرێدەری یەکەم). دواتر هەوڵدەدرێت گۆکردنی هێڵە گرێدەرەکان ( کە لە باری ئەم نموونە و هێڵکارییەدا بریتین لەوەی، کە گرێی ناوی (میر و کارۆ) گۆکردنی هێڵە گرێدەری بکەرییان هەیە و گرێی ناوی (خونچە) گۆکردنی هێڵە گرێدەری بەرکاری هەیە و خودی گرێی دایکیش (واتە چەمکەکە) گۆکردنی هێڵە گرێدەری کرداری هەیە) بە هێڵە گرێدەری دایکەوە بنوێنرێت، تا بتوانرێت تۆڕبەندی پەیوەندییانەی تەواوەتی چەمکەکە بخرێتەڕوو، هەروەك لە هێڵکاری تۆڕبەندی (4)دا دیارە و پێیدەگوترێت (ڕیزبەندی هێڵە گرێدەری دووەم). بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکە و زیاتر جێبەجێکردنی سانایانە، لێرەدا هەوڵدەدرێت هەردوو (ڕیزبەندی هێڵە گرێدەری یەکەم و دووەم)ی نموونەی (9) لە تۆڕبەندێکی پەیوەندیدارا درکپێبکرێت:

(9) کیژێ ڕۆیشت.




**هێڵکاری تۆڕبەندی (4)**

تۆڕبەندی پەیوەندییانەی ڕیزبەندی هێڵە گرێدەری یەکەم و دووەمی گرێی دایکی (ڕۆیشت)

## تەوەرەی دووەم// درکپێکردنی ڕێزمانی وشەیی بۆ مۆدولارێتی چەمکیلەکانی چەمك:

دەربارەی گریمانەی مۆدولارێتی زمان تێڕوانینی جیاواز لە ئارادایە و زیاتر دابەشی دوو بۆچوون دەبن، کە بۆچوونی یەکەمیان خاوەنی بیرۆکەی مۆدولارێتی زمانە و لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بنەماکەی داڕێژراوە و پێیانوایە، کە زمان وەك دامەزراوەیەکی ئاوەزی بایلۆژییانە بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکات. هەر لێرەشەوە گریمانەی مۆدولارێتی ئاستەکانی زمان هاتۆتەکایەوە، کە بە هۆیەوە لەم قوتابخانەیەدا زیاتر بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە هەم لە زمان جیا و دوور لە توانستە ئاوەزییە مرۆییەکانی تر کراوە و هەم لە ناو خودی فاکەڵتی زمانیشدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زمان کراوە. لێکۆڵینەوەکانی سەر بە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەمبارەیەوە سەلمێنەری ئەو گریمانانەن و لە زمانەوانی کوردیشدا لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەی بەپێز و ئامانجدار ئەنجامدراوە(Kibbee,A., D. :2010, 84-92 ). هەرچی بۆچوونی دووەمە زیاتر بۆچوونی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنە و پێیانوایە، کە نە فاکەڵتی زمان لە توانستە ئاوەزییەکانی تری مرۆڤ دابڕاو و جیاکراوەیە و نە لە ناو خودی فاکەڵتی زمانیشدا ئاستەکان جیا و دابڕاون، چونکە شرۆڤەکارانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە، کە زمان وەك توانستێکی ئاوەزیی بایلۆژییانە ڕاستەوخۆ پەیوەست و پەیوەندیدارە بە توانستە ئاوەزییەکانی تری مرۆڤەوە و بێ ئەم پەیوەندییەش نەکار دەکات و نە بەرهەمیشی دەبێت. هەربۆیە پێشیانوایە، کە ئاستەکانی زمانیش لە خۆیاندا

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) ,حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

نەك هەر پەیوەندیدارن، بەڵكو ئاوێتەی یەكترین و ناتوانرێت سنوری جیاكەرەوە لە نێوان (فەرهەنگ و ڕێزمان) یان (وشەسازی و ڕستەسازی) یان (سیمانتیك و پراگماتیك) بكێشرێت. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەمان خاوەنی بیرۆكەی بەكۆدكردنی شارەزاییەكانی مرۆڤن لە ئاوەزی مرۆڤدا، كە لە ڕێی توانستە ئاوەزیی و جەستەییەكانی تری مرۆڤەوە چنگیان دەكەوێت و دەبێتە هۆی فراوانبوون و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ و شارەزایی و كۆزانیارییە زمانییەكەی. هەر لەبەرئەمەشە لێكۆڵینەوەكانیان لەم بوارەدا چەندین ئەنجام و مەبەستی سەرنج ڕاكێشی لێكەوتۆتەوە و لە زمانەوانی كوردیشدا و لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند لێكۆڵینەوەیەكی درکپێكراو ئەنجامدراون، كە بۆچوونی نوێ و ڕەهەندی جیاوازتری لە سەر زمانی كوردی خستۆتەڕوو(كاروان عومەر قادر: 2012، 93–95 ).

بەڵام لە ڕێزمانی وشەییدا، كە زمان زیاتر وەك تۆڕبەندی پەیوەندیداری چەمك و گرێیەكان و هێڵە گرێدەرەكانی شیتەڵدەكات، بۆچونێكی تەواو جیاواز لە هەردوو قوتابخانەكەی پێشوو پەیپێبەدەبات دەربارەی مۆدولارێتی زمان. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم قوتابخانە ڕێزمانییەی درکپێکردن پێیوایە، كە زمان لە ئاوەزی مرۆڤدا و لە كاتی بەكارهێنانیشدا زیاتر لە شێوەی تۆڕبەندێكی پەیوەندیدار ڕێكخراوە و كاردەكات، لە ناو ئەم تۆڕبەندە پەیوەندیدارەشدا زیاتر جەخت دەخاتە سەر پەیوەندی نێوان چەمك و چەمكیلەكان و گرێ و هێڵە گرێدەرەكانیان، كە خودی داڕشتەی چەمك و چەمكیلەكانی چەمك دەنوێنێت. بەڵام هەروەك شیكردنەوەكانی ئەم لێكۆڵینەوەیە خستیانەڕوو[6]، كە گرێ و هێڵە گرێدەرەكانیان لە ناو چەمكەكاندا زیاتر مەیلیان بە لای ئەو (تۆڕ و وەچە تۆڕانە "Net works and Sub-Net works")دایە، كە زیاتر پەیوەستن بە یەكترییەوە و پەیوەندییەكی چڕ لە نێوانیاندایە و بە شێوەیەكی ڕێژەیی جیاكراونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ڕێزمانی وشەیی زیاتر بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات، كە بڵێت تۆڕبەندی هێڵە گرێدەرەكان زیاتر مۆدولارە و سیمای مۆدولارێتی دەنوێنن، بەڵام ئەگەر هێڵە گرێدەرەكانی تۆڕبەندێكیش لە ناوخۆیاندا جۆرێك لە مۆدولارێتی بنوێنن، ئەوا خودی هێڵە گرێدەری گرێی دایك (واتە چەمكەكە) ڕاستەوخۆ پەیوەست و پەیوەندیدارە بە هێڵە گرێدەری گرێ دایكەكانی ترەوە (واتە چەمكەكانی ترەوە). ئەمە جگە لەوەی پەیوەستداری خودی فاكەڵتی زمان بە توانستە ئاوەزیی و جەستەییەكانی تری مرۆڤەوە وادەكات، كە بەردەوام شارەزایی نوێ لە ژیان و دەوروبەر هەڵبهێنجن و بیكەنە بەشداری ڕاستەوخۆی نوێ لە ناو تۆڕبەندەكاندا. بەمەش ئەو شارەزاییە نوێیە چنگكەوتووانە لە ئاوەزدا بە كۆد دەكرێن و بنەمای پەیوەستبوونی زمان بە توانستە ئاوەزیی و جەستەییەكانی تری مرۆڤەوە زیاتر و زۆرتر دەچەسپێنن. بەمشێوەیە ڕێزمانی وشەیی پێیوایە، كە چەمكی مۆدولارێتی زمان لە شیتەڵكردنی ڕایەڵەكانی تۆڕبەندێكی دیاریكراودا سوود بەخشە ، بە تایبەتی لە شرۆڤەی نەخۆشییە زمانییەكاندا، بەڵام ناتوانرێت وەك چەمكێكی ئەبستراكتی گشتی بۆ سەرجەم زمان و لەویشەوە بۆ سەرجەم توانستە ئاوەزیی و جەستەییەكانی تری مرۆڤ هەڵبگوازرێت و بەكاربێت، چونكە ئەمە تەسككردنەوەی توانستە درکپێكراوەكانی ئاوەزی مرۆڤە. ڕەنگە باشترین بەڵگەش نەخۆشییەكانی گوتن بێت، كە تێیدا ئاخێوەرێك هەموو توانا زمانەوانییەكانی مرۆڤێكی ئاسایی هەیە، ئەوەندە نەبێت لە بارێكی دیاریكراوی ئاخاوتندا توانست و توانای بۆ قسەكردن و بیستنی دەنگی ئاسایی و خوێندنەوە هەیە، بەڵام توانای تێگەیشتنی قسەی ئاخێوەرانی دیكەی نییە. لە ڕوانگەی تۆڕبەندییانەی ڕێزمانی وشەییەوە هۆكاری ئەم نەخۆشییە گوتنیانە زیاتر بریتییە لە بێ توانایی لە شوێنكەوتنی یەك چەشنی هێڵە گرێدەری تایبەت، كە ئەویش (هێڵە گرێدەری پەیپێبردن "Sense")ە. لەمبارەدا ئەوەی تێكشكاوە كۆپەیوەندی (هێڵە گرێدەری پەیپێبردن "Sense")ە. واتە ئەمجۆرە مرۆڤانە هەموو كۆپەیوەندییە تۆڕبەندییەكانی بە شێوەیەكی میراتی وەرگرتووە و بۆی ماوەتەوە، بەڵام لە كۆپەیوەندی گشتی (پەیپێبردن بە تۆڕبەندی واتای وشەكان) گرفتی هەیە. كەواتە لە ڕێزمانی وشەییدا ئەم گرفتە ئاخاوتنییە بەو شێوەیە

[6] بۆ تێگەیشتنی وردتری كارەكییانە، بڕوانە تەوەرەی چوارەمی ئەم لێكۆڵینەوەیە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

شیدەکرێتەوە، کە مرۆڤەکە تۆڕبەندی پەیوەندییانەی چەمك و هێڵە گرێدەرەکانی ناوچەیەکی دیاریکراوی زمان لە ئاوەزیدا توشی شکان و زەرەر بووە، کە دەشێت بە هۆیەوە هێڵە گرێدەرێکی ناوکیی بەهێزی تۆڕبەندە چەمکییەکە، یان هێڵە گرێدەرێکی لاوەکیی لاوازی تۆڕبەندە چەمکییەکە داخورا بێت. بەمەش مرۆڤەکە گرفتی لەو هێڵە گرێدەرە هاوبەشە هەیە، کە تۆڕبەندی پەیوەندیی چەمکەکان دەکات و مرۆڤەکە لە هەڵبژاردنی ئەم هێڵە گرێدەرە هاوبەشەدا لاواز بێت. لە ڕاستیدا ئەم هێڵە گرێدەرە هاوبەشە بۆ خۆی وەك مۆدولێك وایە، کە دەشێت خاڵی پەیوەندی، یان یەکتری بڕینی دوو هێڵە گرێدەرە ناوکییە بەهێز و لاوازە لاوەکییەکەی چەمکەکە بن، بەڵام مەرج نییە ئەم هێڵە گرێدەرە هاوبەشە (مۆدولە) خۆڕسکی بێت و ئەمی نەخۆش خاوەنی نەبێت و گرفتە ئاخاوتنییەکە بە هۆی گرفتێکی بایلۆژییەوە بووبێت، بەڵکو زیاتر دەشێت ئەم مۆدولە تازە پێگەیشتوو بێت وەك وەشانێکی درکپێکردن و مرۆڤەکە خاوەنی ئەو شارەزاییە نەبوبێت، کە بە هۆیەوە ئەم مۆدولە لە ئاوەزیدا بە شێوەیەکی خێرا گەشە بکات. لەمبارەشدا گەرچی مرۆڤەکە وەك نەخۆشێك دەردەکەوێت، بەڵام دەشێت هەر بە نەخۆش دانەنرێت، بەڵکو زیاتر بە خاوەنی ئەو شارەزاییە دانەنرێت، کە ئەو جۆرە مۆدولەی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا بە کۆد دەکات. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕێزمانی وشەیی پێشنیازێکی نوێ بۆگرفتی چەمکییانەی زاراوەی (مۆدولاریتی) لە نێوان هەردوو قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و (زانستی زمانی درکپێکردن) پێشنیاز دەکات(Hudson, R. : 2007, 6-7 ).

## تەوەرەی سێیەم// میراتی گریمانەیی تۆڕبەندی ڕێزمانی کوردی:

چەمکی (میراتی گریمانەیی"Default Inheritance") لە ڕێزمانی وشەییدا زیاتر وەشانێکی فەرمی لۆژیکە، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت درك بەوە بکرێت، کە تایبەتمەندییەکانی کاتەگۆرییە گشتییەکانی زمان ( بۆ نموونە وەك کاتەگۆری کردار لە زمانی کوردیدا) زیاتر میراتین و بە شێوەی بۆماوەیی ( بێگومان لەڕووی زمانەوانییەوە) بۆ خودی کاتەگۆریە گشتییەکە ماونەتەوە لە ڕێگەی مانەوەی ئەم تایبەتمەندییانە بە شێوەیەکی گریمانەیی لە سەرجەم ئەندامەکانی کاتەگۆرییەکەدا، بەو مەرجەی هیچ ئەندامێکی کاتەگۆرییەکە بە سەر ئەم تایبەتمەندییانەدا بازنەدەن. خۆ ئەگەر ئەندامێکی کاتەگۆرییەکەش بازیدا، ئەوا لەمبارەدا ئەم ئەندامەی کاتەگۆرییەکە بەدەر دەکرێت و ناوازانە وەك ئەندامێکی ناوازەی کاتەگۆرییەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا سەرجەم کردارە ڕابردووەکانی زمانەکە کاتەگۆرییەکی گشتین و بە شێوەیەکی میراتی و لە ڕێگەی گریمانەییەوە لە تایبەتمەندییەکانی کاتەگۆرییەکەدا هاوبەشن، کە سەرجەمیان بە یاسایەکی دیاریکراو، کە بریتییە لە (ڕەگ+مۆرفیمی کاتی ڕابردوو+ جێناوی لکاو) دەبنە کرداری ڕابردوو، بەڵام ئەگەر ئەندامێکی ئەم کاتەگۆرییە بە دەر لەم یاسایە بوو بە ڕابردوو وەك لە نموونەی (4، 5) و هێڵکاری تۆڕبەندییانەی (1)دا دەرکەوت، ئەوا لەمبارەدا ئەم ئەندامە بە سەر میراتی گریمانەیی تۆڕبەندی پەیوەندییانەی کرداری ڕابردووی زمانی کوردیدا بازیداوە و کردایکی ناوازەیە. بەمشێوەیە ڕێزمانی وشەیی پێیوایە، کە: (( ئەم میراتە زمانییە لە تۆڕبەندی پەیوەندییانەدا شوێنپێی هەڵدەگرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی پەیوەندی گشتی تۆڕبەندەکەوە، تاوەکو وەك پەیوەندییەکی سەرەکی پەیوەندییەکانی تری تۆڕبەندەکەی لە سەر شرۆڤە بکرێت)) ( Sugayama, K. And Hudson, R.:2006, 12).

هەروەك پێشتر خرایەڕوو، کە یەکێك لە هێڵە گرێدەرە سەرەکییەکانی تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەیی بریتییە لە (هێڵە گرێدەری گرێی دایك)، کە مەبەست لێی پەیوەندیی نێوان چەمك و ئەو کاتەگۆرییە باڵایە، کە چەمکەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە وەك پەیوەندیی نێوان هەردوو چەمکی (مەڕ) و (گیاندار) یان پەیوەندی نێوان (مەڕ) و پۆلە وشەی (ناو) لە نموونەی (10)دا:

(10) مەڕ گیاندارێکی شیردەرە.

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) حزيران 2019,
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:30-57

لە ڕێزمانی وشەییدا گرێی دایك بنەمای هەموو جۆرە پۆلكردنێكە، جا چەمكە پۆلكراوەكە، وەچە پۆلێك بێت، وەك (گیاندار دایكە گرێی مەڕ)ە، یان چەمكە پۆلكراوەكە وشەیەكی تەنها بێت، وەك (مەڕ دایكە گرێی مەڕی شەكە)، یان چەمكە پۆلكراوەكە ئەندامێكی یاسادار یان ناوازەی چەمكە پۆلكراوەكە بێت. لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە تەنها لە ڕێزمانی وشەیی و ڕێزمانی دركپێكردندا بەكاردێت و كۆپەیوەندییە هەمەچەشنەكانی ئەندامە یاسادار و ناوازەكانی وەچە پۆلەكە ڕێكدەخات. هەربۆیە زاراوەكە گرنگییەكی تایبەتی هەیە و لۆژیكی بنەما بووە بۆ بەرهەمهێنانی چەمكی (میراتی گریمانەیی)، كە دەكرێت بگوترێت مەبەست لێی میراتگری هەموو تایبەتمەندییەكانی وەچە كاتەگۆرییەكە، ئەگەر ئەندامەكانی ئەو وەچە كاتەگۆرییە ئەو تایبەتمەندییانە تێنەپەڕێنن (Geeraerts, D. and Cuyckens, H.:2007, 55). ڕوونتر و بەشێوەیەكی دركپێكردنی لۆژیكییانە مەبەست (میراتی گریمانەیی) ئەوەیە، ئەگەر بۆ نموونە (ا) گرێی دایكی (ب) بێت و خودی (ب)یش تایبەتمەندی (پ)ی هەبێت، ئەوا لەمبارەدا دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بكرێت، كە (ا)یش خاوەنی تایبەتمەندی (پ)ییە. بەمەش (ا) میراتگری (پ)یش دەكات، بەڵام لە ڕێگەی (ب)ەوە. خۆ ئەگەر بێتو (ا) هەندێ تایبەتمەندی هەبوو، كە نەگونجا لەگەڵ (پ)، ئەوا ئەم نەگونجانە بازدانە بە سەر تایبەتمەندی گریمانەكە، بەڵام هێشتا ڕێگەی پەیوەندیی نێوانیان ناگیرێت، چونكە هەم پەیوەندییەكە لە نێوان گرێی دایك وەچەیەكی گرێی (ب)دایە و هەم نەگونجانەكە ڕێژەییە بە بڕێكی كەمتر بە لە (25٪). بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی (11) بڕوانین:

(11) ئەگەر وادابنرێت، كە گرێی دایكی (ا)، گیاندارێكی وەك(مەڕ)ی نموونەییە، كە خاوەنی چوار قاچە، بەڵام لە بووندا ڕێكدەكەوێت بە هەر هۆكارێك بێت، گیانداری وەك (مەڕی سێ قاچ)یشمان هەبێت، لەمبارەدا ڕاستە مەڕی نموونەیی تەنها میراتگری هەموو مەڕە چوار قاچەكانی وەك (ب، ت،...هتد)ە، بەڵام بە شێوەیەكی گریمانەیی، دەشكرێت گرێی (ا) میراتگری ئەو مەڕانەش بێت، كە سێ قاچن (واتە میراتگری –ب–یش بێت)، چونكە مەڕی سێ قاچیش هەر وەچەیەكی مەڕە و خاوەنی تایبەتمەندی گیانداری مەڕە، ئەوەندە نەبێت لە هەندێك تایبەتمەندیدا لە گرێی دایك (مەڕی نموونەیی) لایداوە یان بەسەر هەندێك لە تایبەتمەندییەكاندا بازیداوە. بۆ تێگەشتنی زیاتر با لە هێڵكاری تۆڕبەندی (5):




**هێڵكاری ژمارە (5)**

**هێڵكاری تۆڕبەندی میراتی گریمانەیی گیانداری – مەڕ –**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

شرۆڤەکانی لێکۆڵینەوەکە لە سەر چەمکی (میراتی گریمانەیی) لە شیکردنەوەی تۆڕبەندی کۆپەیوەندییانەی نموونەی (12)دا دەخرێتەڕوو:

(12) کارۆ نامەکە دەنوسێت.

لەم نموونەیەدا، کە زیاتر وەك تۆڕبەندێکی پەیوەندی دارێژراوە، کرداری (دەنوسێت) بە شێوەیەکی خۆکارییانە دەبێتە میراتگری هەموو تایبەتمەندییە زانراوەکانی کردار، وەك (بونی بکەر، بونی بەرکار، بوونی فۆرمی ڕابردوو و ڕانەبردوو، ئەرکی ڕێزمانی لە دارشتەی تۆڕبەندەکەدا،...هتد) لە زمانی کوردیدا. بەمەش کردارەکە دەبێتە میراتگری تایبەتمەندییە زانراوەکانی کردارێکی نموونەیی. هەربۆیە لە تۆڕبەندی پەیوەندییانەی نموونەی (12)دا، کردار دەبێتە میراتگری پەیوەندییەکی گشتی، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت سەرجەمی تۆڕەکانی تۆڕبەندی کرداری (دەنوسێت) لەڕووی فۆڕم و ئەرکەوە بخاتەڕوو. گەر ئەمە بۆ کرداری نموونەی (12) دروست بێت، ئەوا هەمان شرۆڤەی تۆڕبەندییانەش بۆ (بکەر و بەرکار)ی نموونەکەش ڕاستە و هەریەکەیان دەتوانن ببنە میراتگری پەیوەندیی گشتی (بکەر) و میراتگری پەیوەندیی گشتی (بەرکار). بۆ تێگەیشتن، با لە هێڵکاری تۆڕبەندی (6) ڕابمێنین:




**هێڵکاری ژمارە (6)**

هێڵکاری تۆڕبەندی نموونەی (12)

بە وردبوونەوە لە هێڵکاری ژمارە (6) ڕووندەبێتەوە، کە کرداری (دەنوسێت) بۆتە میراتگری پەیوەندییەکی گشتی کردارییی لە زمانی کوردیدا، کە بە هۆیەوە دەکرێت تۆڕبەندی پەیوەندیی فۆڕم و ئەرکی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی کرداری (دەنوسێت) وێنا بکرێت، هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (7)دا دیارە:

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1), حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**هێڵکاری تۆڕبەندی (7)** هێلکاری تۆڕبەندی پەیوەندیی گشتی فۆڕمی ڕابردو و ڕانەبردووی کرداری ((نووسی))

بەمشێوەیە دەکرێت هەریەکە لە (بکەر و بەرکار)ی نموونەی (12)یش بەهەمانشێوە ببنە میراتگری پەیوەندیی گشتی (واتە ببنە گرێی دایك)ی گرێیەکانی (بکەر و بەرکار)، هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (6)دا دیارە. بەمەش ئاڕاستەی تۆڕبەندییانەی میرات بە شێوەیەکی گریمانەیی (واتە میراتی گریمانەیی) لە تۆڕبەندەکەدا شرۆڤە دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، ئەگەر کردارەکە شێوەی ڕابردووی، یان داهاتووی ناوازە بوو، ئەوا لەمبارەدا بە شێوەیەکی خۆکارییانە میراتی وەشانە گریمانەییەکە (کە لێرەدا بۆ شێوەی ڕابردووی کردارەکە بریتییە لە ڕەگ < یاساکە (مۆرفێمی کاتی ڕابردوو+جێناوی لکاوی بکەریی) ) و بۆ شێوەی داهاتوو بریتییە لە (مۆرفێمی کاتی ڕانەبردوو+ ڕەگ+جێناوی لکاوی بکەریی) بۆ کرداری ڕانەبردووی وەك (دێت)، کە لە نموونەی (4 و 5) و هێڵکاری تۆڕبەندی ژمارە (1)دا خراوەتەڕوو، بلۆك دەکات و پەیڕەوی میراتی گریمانەیی کردار لە زمانی کوردیدا ناکات.

بێگومان لەم باری بلۆککردنی میراتی گریمانەییەدا لە لایەن تۆڕبەندی هێڵە گرێدەرە ناوازەکانی ناو تۆڕبەندەکەوە، پێواژۆکە زیاتر وەك بەربەستێك دەردەکەوێت، بەلاًم لە ڕاستیدا ئەمە لە خۆیدا یەکێکە لە ئاسانکارییەکانی شرۆڤەی تۆڕبەندی پەیوەندی بۆ چۆنیەتی و چییەتی تێگەیشتن و بەکاربردنی ئەمجۆرە فۆڕمانەی زمانی کوردی. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە ئاوەزی مرۆڤی کورد، کە تۆڕبەندییانەیە زیاتر ویستی بە لای بەکاربردن و تێگەیشتنی هێڵە گرێدەرەکانی پەیوەست بە تۆڕبەندەکەیە وەك لە خودی گرێ ئاساییەکانی تۆڕبەندەکە (واتە چەمکەکە). ئەگەرچی ئەم هێڵە گرێدەرانەی ئەم فۆرمە ناوازانە ئاڵۆزیش بن، چونکە ئەرکی ئاوەزمەندی مرۆڤ سانا دەکەن. ئەمەش بەوەی دیاریکردنی هێڵە گرێدەرێکی ناوازەی ناو تۆڕبەندەکە، کە ناوازە و دیارە ساناترە لە دیاریکردن و ناسینەوەی هێڵە گرێدەرێکی ئاسایی بەیەکداچووی چەند هێڵە گرێدەر لێبۆوەی گرێیە سەرەکییەکە. بۆ نموونە گەر لە نموونەی (4 و 5) و هێڵکاری ژمارە (1)ی تۆڕبەندی پەیوەندیی کرداری (هات)ی زمانی کوردی ورد ببینەوە، ئەوا ئاخێوەری


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

کورد دوو شیانی هەڵبژاردنی لە بەر دەستە بۆ هەڵبژاردنی شێوەی داهاتووی کردارەکە، کە ئەوانیش بریتین لەوەی شیانی یەکەمیان ئاخێوەر لە ناو تۆڕبەندە بەیەکداچووەکەدا شێوەی داهاتووی کرداری زمانی کوردی، کە بە یاسای (مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو+ ڕەگ+جێناوی لکاوی بکەری) ڕێکخراوە و داکراوە لە شێوەی گوماناوی وەك نموونەی (13)دا هەڵدەبژێرێت:

(13) ؟ دەهام

بێگومان ئەم هەڵبژاردنەش ئەرکێکی وردی ئاوەزی دەوێت، بە هۆی چڕی پەیوەندییەکانی هێڵە گرێدەرەکانی گرێی گشتییەوە. هەرچی شیانی دووەمیشیانە زیاتر بریتییە لە هەڵبژاردنی هێڵە گرێدەری ناوازەی پەیوەست بە گرێی گشتییەوە، کە سانایە و ئەرکێکی کەمتری دەوێت.

لەم ڕوانگەیەوە و پەیوەست بە درکپێکردنمان بە (شیانی هەڵبژاردن) لە نێوان هێڵە گرێدەرە ئاسایی و ناوازەکانی چەمکێکدا، لە تیۆری (ڕێزمانی وشەیی)دا پێشنیازی ئەوە بۆ چەمکی (میراتی گریمانەیی) کراوە، کە دەشێت (میراتی گریمانەیی) پەیوەست بە چەمکی (میراتی هەمەچەشن "Multiple Inheritance")ەوە بەکاربێت، کە تێیدا: (( یەك چەمك دەتوانێت ببێتە میراتگری (واتە میرات وەربگرێت لە) دوو چەمکی جیاوازی پێکەوەیی)) (Hudson, R. : 2007, 21 )، بۆ نموونە لە تۆڕبەندی پەیوەندییانەی ڕێزمانی وشەیی زمانی کوردیدا، دەکرێت چەمکی وشەکانی نموونەی (14) میرات وەربگرن و ببنە میراتگری هەردوو تۆڕبەندی گشتی (سەوزە و میوە).

(14) [ کاهوو، خەیار، گێزەر]

ئەگەرچی ئەمجۆرە لێکدانەوە پێکەوەییانە لە هەندێك لە ڕێزمانە چاولێکەرییەکاندا شرۆڤەی بۆ کراوە و زیاتر وەك لێڵییەك یان نێواندژییەك هەژمارکراوە(تاڵیب حوسێن عەلی :2011، 97–101)، بەڵام لە ڕێزمانی وشەییدا چەمکی (میراتی هەمەچەشن) زیاتر بەکاردێت بۆ چارەسەری هەندێك نێواندژییە ڕێزمانییەکان. بۆ نموونە لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا و لە تۆڕبەندی ناوی کرداری (چوون)دا، بەردەوام ئەم ناوی کردارە لە زمانی کوردیدا وەك میراتێکی هەمەچەشن لەڕووی هێزی تێپەڕی و تێنەپەڕییەوە میراتی وەرگرتووە، بە شێوەیەك لە فۆڕمدا میراتی تێنەپەڕیی وەرگرتووە و لە واتا و ئەرکیشدا میراتی لە تێپەڕیووە وەرگرتووە، بۆ وردبوونەوەی شیتەڵییانە، با لە نموونەی (15) ڕابمێنین:

(15) کیژێ [ بۆ قوتابخانە ] چوو.

ئێستا ئەگەر لە تۆڕبەندی پەیوەندییانەی کرداری (چوو)ی ناو نموونەکە وردببینەوە، ئەوا زیاتر ئەم کردارە گرێیەکی گشتییە لە ڕووی فۆڕمەوە، کە تەنها یەك هێڵە گرێدەری (بکەریی/ کیژێ)ی پێوە بەندە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتا و ئەرکەوە لە هێڵە گرێدەرەکە بڕوانین، وەك لە نموونەکەدا دیارە، ئەوا زیاتر گرێیەکی گشتییە، کە هەردوو هێڵە گرێدەری ( بکەریی/ کیژێ) و هێڵە گرێدەری (بەرکاریی/ بۆ قوتابخانە)ی پێوە بەندە. بۆیە لە باری یەکەمدا و لە ڕووی فۆڕمەوە دەبێت هێڵە گرێدەری (بەرکاریی/ بۆ قوتابخانە) هێڵە گرێدەرێکی (سەربار) بێت ، بەڵام لە ڕووی واتا و ئەرکەوە ئەمە دروست نییە و هێڵە گرێدەری (بۆ قوتابخانە) زیاتر هێڵە گرێدەرێکی (تەواوکەر) و ناچارییە بۆ تەواوکردنی تۆڕبەندی پەیوەندی گرێ سەرەکییەکەی کردار. بەمەش دەسەلمێت، کە ئەم گرێیە گشتییەی تۆڕبەندی پەیوەندییانەی کرداری زمانی کوردی زیاتر میراتی گریمانەیی بەکارهاتووە لە (میراتی هەمەچەشن)ەوە، هەروەك لە هێڵکاری تۆڕبەندی ژمارە (8) و (9)دا دەنوێنرێت:

المجلة العلمية لجامعة جيـهان ـ الـسـليمانية
المجلد (3) – العدد(1), حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:30-57




**هێڵکاری ژمارە (8) هێڵکاری تۆڕبەندی سەرباریی هێڵە گرێدەری بەرکاریی**




هێڵە گرێدەری پەیوەندی نێوان هەردوو هێڵە گرێدەری بکەریی و هێڵە گرێدەری دایك

**هێڵکاری ژمارە (9) – هێڵکاری تۆڕبەندی تەواوکەری هێڵە گرێدەری بەرکاریی –**

بەمشێوەیە (ڕێزمانی وشەیی) پێیوایە، کە زمان بریتییە لە تۆڕبەندی چەمکەکان، کە لە شێوەی تۆڕبەندێکی گشتیدا ڕێکخراوە. ئەم تۆڕبەندی چەمکانەش بەشێکە لە هەمان تۆڕبەندی گشتی چەمکییانەی ئاوەزی مرۆڤ، کە لە چەندین چەمکی جیاواز جیاواز پێکدێن و بەشێك نین لە زمان. ئەوەی تۆڕبەندی چەمکەکانی زمان لەم تۆڕبەندە گشتییەی چەمکی ئاوەزی مرۆڤ جیادەکاتەوە،


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئەوەیە، کە تۆڕبەندی چەمکی زمان لە گرێیە وشەییەکان هەم پێکهاتووە و هەمیش شیتەڵدەکرێن Sugayama, K. and (Hudson, R.:2006,12-13).

هەروەك لە شرۆڤەی درکپێکردنی مۆدولاریێتی تۆڕبەندی زماندا خرایەڕوو، کە هێڵە گرێدەری چڕ و بەهێزی نێوان وشەکانی چەمکەکانی زمان لە لایەك و وادەرکەوتنی هێڵە گرێدەری لاوازی وشەکانی چەمکەکانی زمان بە چەمکەکانی تری ئاوەزی مرۆڤەوە واتای مۆدولاریێتی بەهێز و سەربەخۆ و جیای زمان لە ئاوەزی مرۆڤ نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە زۆرێك لە میکانیزمەکانی (میراتی گریمانەیی) و (گرێی دایك) و (ڕیزبەندی هەرەمییانەی درێژبۆوەی پەیوەندی کەرەستە زمانییەکان) و...هتد لە گەلێك شوێن و درکپێکردنی توانستی ئاوەزیی دیکەشدا دەدۆزرێتەوە و بەکارهاتووە و بەکاردێت، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ نامۆدولاریێتی زمان دەسەلمێنێت، نەك پێچەوانەکەی. هەربۆیە دەشێت (وشەکان)، کە نمایندەی چەمکەکانن پەیوەندی هێڵە گرێدەری هەمەچەشنیان لە ناوخۆیاندا و هەروەها بە چەمکەکانی دەرەوەی زمانیش هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە تیۆری (ڕێزمانی وشەیی) چەسپاندنی گریمانە و زاراوەی چاولێکەرییانەی (ئاستەکانی زمان) و جیاکردنەوەیان لە شیکردنەوەی داتا زمانییەکاندا ڕەتدەکاتەوە و زیاتر لە تۆڕبەندێکی هەرەمییانەی پەیوەندیداردا سەرجەم ئاستەکانی زمانی چەمکێك نەخشە دەکێشێت. بەمەش هەم نامۆدولاریێتی زمان دەسەلمێنێت و هەم ئامانجی خودی تیۆرییەکە/ ڕێزمانەکە، کە بونیەتی بە ڕێزمانێکی فراوان و گەورە، کە سەرجەم ئاست و پێکهاتە زمانییەکان بگرێتەوە دەپێکێت. هەربۆیە لە ڕێزمانی وشەییدا هەر وشەیەك لە تۆڕبەندێکی فراواندا بە گرافۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکەیەوە لە ڕێگەی هێڵەگرێدەری (نواندنی پیتی) و (نواندنی چۆنیەتی خوێندنەوەی فۆنێمەکان)ەوە گرێدراوە ، هەروەها هەر وشەکە بە دارشتەی مۆرفۆلۆژییەکەیەوە لە ڕێگەی هەردوو هێڵە گرێدەری (ڕەگ) و (فۆڕم)ەکەیەوە گرێدراوە، هەروەها بە داڕشتە سینتاکسیەکەشییەوە لە ڕێگەی هەردوو هێڵە گرێدەری (پۆلی وشەکان) و (تەواوکەری وشە بۆ وشە)وە گرێدراوە، هەروەکچۆن هەر ئەم وشەیە بە داڕشتەی سیمانتیکە ئینسکلۆپیدییەکەیەوە لە ڕێگەی هەردوو هێڵە گرێدەری (پەیپێبردن"Sense") و (سەرچاوە "Reference")وە گرێدراوە. بەمشێوەیە ڕێزمانی وشەیی لەباریدایە، کە بە یەك هێڵکاری تۆڕبەندانە سەرجەمی تۆڕبەندی هەر وشەیەك و دەربڕاوێك و ڕستەیەك شرۆڤە بکات و نەخشە بکێشێت. بۆ درکپێکردنی ئەم ڕاستییەش با لە نموونەی (16) و هێڵکاری تۆڕبەندییانەی نموونەکە لە (10)دا ڕابمێنین:

(16) کیژێ هەموویانی خەواند.





DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

**هێڵکاری تۆڕبەندییانەی (10) هێڵکاری تۆڕبەندییانەی سەرجەم ئاستەکانی زمانی ڕستەی ژمارە (16)–**

## تەوەرەی چوارەم// درکپێکردنی تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی:

لە ڕێزمانی وشەییدا، میراتی گریمانەیی تۆڕبەندی پەیوەندی لە هێڵە گرێدەری دایکەوە بۆ هێڵە گرێدەرەکانی تر درێژ دەبێتەوە و ڕیزبەندییەکی هەرەمییانەی ڕێکخراو پێکدێنن. هەریەك لەم هێڵە گرێدەرانەش ناویان لێدەنرێت. بۆ نموونە لە ڕێزمانی وشەییدا بۆ ئەوەی وشەیەك پۆلبکرێت وەك (کردار)، ئەوا ناوی هێڵە گرێدەری دایك (هێڵە گرێدەری گشتی) لێدەنرێت. لەم ڕوانگەیەوە لە ڕێزمانی وشەییدا باوەڕوایە، کە باشترین کەرەستە بۆ پۆلکردنی چەمکەکان و شرۆڤەکردنی تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوانیان (وشە)کانن، چونکە وشەکان جگە لەوەی لە خۆیاندا و لە ناو کەرەستە زمانییەکانی تردا ناوازەن، لە هەمانکاتیشدا وشەکان لە ڕێگەی (میراتی هەمەچەشن)ەوە ڕێگەیان پێدەدرێت لە سەر دوو ڕەهەندی جیاواز پۆلبکرێن، کە بریتین لە (Sugayama, K. and Hudson, R.:2006,15-16):

ڕەهەندی یەکەم، کە زیاتر هەر ڕەهەندە چاولێکەرییەکەی بۆچوونەکانی پێشووی زمانەوانییە و بریتییە لە پۆلکردنی وشەکان وەك لێکسیمەکان، وەك (ئازاد، چاو، کە، لە...هتد).

ڕەهەندی دووەم، کە وشەکانی لە سەر پۆلدەکرێت ئەوەیە، کە ڕێگە بە وشەکان دەدرێت وەك (شکانەوەکان"Inflection") پۆلبکرێن، وەك (کۆیی وشەکان، فۆڕمی ڕابردوو و ڕانەبردووی کردارەکان، نێر و مێی ناوەکان...هتد). بە مەبەستی تێگەیشتن لەمجۆرە پۆلکردنەی وشەکان لە ڕێزمانی وشەییدا، با لە هێڵکاری تۆڕبەندییانەی ئەبستراکتی (11) ڕابمێنین:

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1), حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




**هێڵکاری تۆڕبەندی (11) هێڵکاری تۆڕبەندی ئەبستراکتی شکانەوەی مۆرفۆلۆژی زمانی کوردی**

ئێستا گەر لە هێڵکاری ژمارە (11) بڕوانین، دەبینین، کە چۆن پۆلکردنە بە ناو یەکداچووەکانی هێڵکارییەکە شێوەی هەرەمێکی ڕیزبەندیی وەرگرتووە، کە لە هێڵە گرێدەری دایك (گشتی)ەوە بۆ هێڵە گرێدەرەکانی تری تۆڕبەندەکە، بۆ بنکەی هەرەمەکە درێژبۆتەوە. لەم هێڵکارییە هەرەمییە ڕیزبەندییەدا، هێڵە گرێدەری لێکسیمی وشەکان بە ڕێگەی پەیوەندییانەی تۆڕبەندییانەی چڕ و ئاڵۆزی بەیەکداچوو لەگەڵ هێڵە گرێدەری شکانەوەی وشەکان لە پەیوەندیدان و کار و کاردانەوەیان لە سەر یەکتری دروستکردووە، کە دەتوانرێت ئەمەش ناوبنرێت (پۆلکردنە بەیەکداچووەکان "cross-classification")( Hudson, R. : 2007, 10-14). باشترین نموونەی ئەم پۆلکردنە بەیەکداچووانەش لە تۆڕبەندی زمانی کوردیدا بریتییە لە (ناوی ڕووداوەکان/چاوگ)، کە لە یەککاتدا هەم وەك لێکسیمێك و هەم وەك شکانەوەیەك تۆڕبەندێکی پەیوەندی دروستدەکەن و پەیوەستن بە چەمکەکەیانەوە ( واتە هێڵە گرێدەری گشتییەوە)، هەروەك لە نموونەی (17)دا دیارە:

(17) [ نووسین] لە [ نووسینی] گوتاری ڕامیاریدا مەترسیدارە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

لەگەڵ هەموو ئەو شیکردنەوە و گرنگییەی وشەکان لە تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەییدا هەیانە، هێشتا ڕێزمانی وشەیی وەك لقێکی (زانستی زمانی درکپێکردن)، (وشەکان) وەك بالآترین کاتیگۆری چەمکەکان وەرناگرێت، چونکە ڕێزمانەکە باوەڕی بەوەیە، کە زمان تۆڕبەندێکی داخراو و جیاکراوە نییە و بەشێکە لە تۆڕبەندێکی چەمکییانەی فراوانتر. بەمشێوەیە ڕێزمانی وشەیی لە ڕێگەی ئەم تۆڕبەندە کۆپەیوەندیدارەوە، کە لە نێوان وشەکان و ڕەفتارە ئاخاوتنییەکانی تردا دەینوێنێت، دەتوانێت هاوبەشی و جیاوازیی نێوان وشەکان و پێواژۆی پەیوەندیکردن بخاتەڕوو. ڕەنگە وشە ئاماژە دەرەکانی وەك (جێناوە کەسییەکان)ی وەك (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان)، (جێناوی ئاماژە تاك و کۆکان)ی وەك (ئەم– ئەمانە، ئەو – ئەوانە)، باشترین بەڵگە بێت بۆ ئەم ڕاستییە، چونکە بۆ درکپێکردن بەم وشانە لە زماندا، دەبێت ناچارییانە ئەم وشانە تۆڕبەندییانە بە بەشداربووەکانی تری ئاخاوتنەکە و بارودۆخی ئاخاوتنەکەوە ببەسترێنەوە، تاوەکو درکپێکردنی شیاویان لای گوێگر بۆ دروست ببێت.

بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت، کە تۆڕبەندی زمان زیاتر کۆپەیوەندیی نێوان وشەکان و بەشەکانی وشەکانن (کە مەبەست لە دەنگەکانی ئاخاوتن یان فۆنیمەکان، یان پیتەکان، یان مۆرفیمەکانن)، کە بەیەکەوە گرێدراون و گرێشدراون بە بەشەکانی تری درکپێکردنی مرۆڤەوە بە ڕێگەی هەمەچەشن، کە گرنگترین ڕێگەش لەم ڕێگە هەمەچەشنانە زیاتر بریتییە لە ڕێزبەندی هەرەمییانەی تۆڕبەندی هێڵە گرێدەری دایك/ گشتی و هێڵە گرێدەرەکانی وشە و بەشەکانی وشە، کە دەتوانێت پۆلێنیان بکات و ڕێگە بە میراتی گریمانەیی نێوانیان بدات.

لەم ڕوانگەیەوە (ڕێزمانی وشەیی) لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە شرۆڤەی مۆرفۆلۆژی دەکات، کە بریتین لە:

1) شیکردنەوەی داڕشتەی وشەکە لە ڕوانگەی مۆرفیمەکانی و داڕشتە فۆنۆلۆژییەکانییەوە.
2) نواندنی پەیوەندیی نێوان داڕشتەی وشەکە و لێکسیمەکە/ پۆلی وشەکە.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی شرۆڤەی یەکەمی ڕێزمانی وشەیی دەربارەی داڕشتەی وشە، با لە نموونەی (18ا، 18ب) ورد ببینەوە:

(18) ا/ نۆکان
ب/ کوڕان

گەر لەم دوو نموونەیە ورد ببینەوە، ئەوا درك بەوە دەکەین، کە درکپێکردنی پاشگری (/– ان/) لە نموونەی (18ا)دا جیاوازە لە درکپێکردن بە وشەی کۆی نموونەی (18ب)، چونکە ئاشکرایە، کە مۆرفیمی وشە داڕشتن و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆکردنەوە لە یەکتر جیان، چونکە یەکەمیان بەشێکی وشەکەیە و دووەمیان زیاتر پۆلی وشەکەی دیاریکردووە، کە کۆیە. لەم ڕوانگەیەوە و لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی وشەیی زۆر بە بەهێزی سەر بە ڕێبازی چاولێکەرییانەی (سەرە و ڕێزبوونی ئاسۆیی و ستوونی وشە)یە، کە تێیدا داڕشتەی ناوەوەی وشە بە تەواوی جیاوازە لە نیشانە مۆرفۆسینتاکسییەکان(ئەبوبەکر عومەر قادر : 2003، 28–78). بەم پێیە بێت مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی وشەیی جیاوازی دەکات لە نێوان ئەو مۆرفیمانەی دەچنە داڕشتەی وشەیەکەوە و واتایەکی نوێی پێدەبەخشن و وەك مۆرفیمێك مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی گۆکردنی مۆرفۆلۆژییان هەیە وەك داڕشتەی مۆرفۆسینتاکس.

بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنیەتی شرۆڤەی دووەمی ڕێزمانی وشەیی دەربارەی نواندنی پەیوەندیی نێوان داڕشتەی وشەکە و لێکسیمەکە/ پۆلی وشەکە دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، کە لە ڕێزمانی وشەییدا، وشەکە (کە وشە نموونەیەکە مەبەستە و ئەبستراکتە) بە داڕشتە فۆنۆلۆژییەکەیەوە دەبەسترێتەوە تەنها لە ڕێگەی مۆرفیمەکەوە ( کە مەبەست لێی وشە کۆنکرێتکەرە دەربڕاوەکە، یان نوسراوەکە، یان بینراوەکەیە)، هەروەها وشە بە داڕشتە سیمانتیکیەکەشییەوە دەبەسترێتەوە تەنها لە ڕێگەی تەنها یەك چەمکەوە، کە وەك پەیپێبردنی ئەو چەمکە هەڵسوکەوت دەکات. بەمشێوەیە و لە سەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە بۆ دەرخستنی پەیوەندیی

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:30-57
المجلد (3) – العدد(1) حزيران 2019,
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تۆڕبەندییانەی نێوان داڕشتەی وشەکە و پۆلەکەی دەتوانرێت، تەرزی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی وشەی (گوڵ) بە نموونە بهێنرێتەوە، کە لە هێڵکاری (12)دا نوێنراوە، بە مەرجێك وشەی (گوڵ) بریتییە لە چەمکی (گوڵی نموونەیی)، هەروەها گوڵ بریتیە لە لێکسیمەکە و { گوڵ}یش بریتییە لە مۆرفیمەکە، هەروەها /gul/ یش بریتییە لە فۆنیمەکانی:




**هێڵکاری تۆڕبەندی (12) هێڵکاری تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان داڕشتەی وشە و پۆلی وشە بە پێی ڕێزمانی وشەیی**

لە مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی وشەییدا، ئەگەر هاتوو وشەکە ئاڵۆز بوو، ئەوا لەم کاتەدا وشەکە لە هەمانکاتدا زیاتر لە یەك مۆرفیمی دەبێت، هەربۆیە پێویستە درك بە یەکە ئاڵۆزەکان بکرێت لە سەر ئاستی مۆرفۆلۆژی ڕێزمانی وشەیی، بۆ نموونە لە فۆرمی وشەی (گوڵەکان)دا، دركدەکرێت بە:

(گوڵ: کۆی ناسراو)، فۆرمێکە و مەبەست لێی کۆی ناسراوی وشەکەیە و بە هێما نوێنراوە.

لە ڕاستیدا ئەم فۆرمە میراتگری هەردوو وشەی (گوڵ) و چەشنی دووەمی وشەکەشە (واتە وشەکە بە کۆی ناسراوی) دەکات. ئەم دوو چەشنی وشەیەش (واتە وشەکە و وشەکە بە کۆی ناسراوی) لە قەد و لاگرەکانیاندا بەشدار و هاوبەشن، هەربۆیە سێ هێڵە گرێدەر لە نێوان (گوڵ: کۆی ناسراو) داڕشتە فۆنۆلۆژییەکەی هەیە، کە بریتییە لە:


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15

1. قەدەکە پەیوەستە و بەستراوەتەوە بە قەدی مۆرفێمەکەوە و لە لایەن (گوڵ)ەکەوە میراتگرکراوە.
2. لاگرەکە پەیوەستە و بەستراوەتەوە بە مۆرفێمی لاگرەکەوە و لە لایەن (کۆییەکەوە) میراتگرکراوە.
3. (فۆڕمی وشەکە) پەیوەستە و بەستراوەتەوە بە سەرجەمی فۆڕمی وشەکەوە و لە لایەن کۆییەکەوە میراتگرکراوە.

## ئەنجام

شرۆڤە درکپێکردنە تۆڕبەندییەکانی لێکۆڵینەوەکە گەیشتنە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. چالاکی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکس و کرداری شکاوە لە ئاخاوتن و نووسینی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا، شرۆڤەی ڕێزمانی وشەییانەی بۆ زمانەکە گونجاوتر کردووە.
2. زمانی کوردی بە هۆی ئاوێتەبوونی فەرهەنگ و ڕێزمانەکەیەوە زیاتر وەك تۆڕبەندێکی پەیوەستداری چەمکییانە هەم دەردەکەوێت و هەم شیتەڵدەکرێت.
3. پەیوەندیی نێوان چەمکیلەکانی چەمکێك و دواتریش پەیوەندیی نێوان چەمکەکان لە زمانی کوردیدا زیاتر لە شێوەی تۆڕبەندێکی پەیوەندیداردان و پەیوەندییەکەش لە چەمکە گشتییەکانەوە بۆ چەمکیلە هەر ورد و تایبەتییەکان درێژ دەبنەوە.
4. شرۆڤەی چەمکی (میراتی گریمانەیی) ئەوە دەردەخات، کە فۆڕمە زمانییە گۆڕاوەکان و فۆڕمە زمانییە ناوازەکانی زمانی کوردی ڕاستەوخۆ لە تۆڕبەندێکی پەیوەندی چەمکییانەدان و پەیوەستن بە فۆڕمە زمانییە بنەڕەتییەکان و فۆڕمە زمانییە یاسادارەکانی زمانەکەوە.
5. شرۆڤە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی لە ڕوانگەی ڕێزمانی وشەییەوە ڕاستەوخۆ هەم دارشتەی وشەکە لە ڕوانگەی دارشتە فۆتۆلۆژییەکانیانەوە دەنوێنێت و هەم پەیوەندیی نێوان دارشتەی وشەکە و پۆلی وشەکە دەخاتەڕوو.

## سەرچاوەکان

1. ئەبوبەکر عومەر قادر (2003)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا (بلاۆنەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
2. ئەبوبەکر عومەر قادر (2016)، ئەرکی سێگمێنتی /ی/ لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژ. (51)ی ساڵی (2016).
3. لارس مێلین، و/ غازی عەلی خورشید (2008)، سایکۆلۆژیی زمان، بلاۆکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
4. کاروان عومەر قادر (2012) سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B)، ژمارە (34)، سلێمانی.
5. تاڵیب حوسێن عەلی (2011)، واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.

1. Allwood, j. and Gardenfors, P. (1999), Cognitive Semantics (Meaning and Cognition), John Benjamins publishing company.
2. Cutler, A. (2005), Twenty-First Century Psycholinguistics: Four Cornerstones, Lawrence Erlbaum Associates Publishers, Mahwah, New Jersey London.
3. Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press.
4. Green, M. and Evans, V. (2006), Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press.
5. Hudson, R. (2007), Language Networks (The New Word Grammar), Oxford University Press.

6. Hudson, R. (2010), An Introduction to Word Grammar, Cambridge University Press.
7. Jakendoff, R. (2002), Foundation of Language (Brain, Meaning, Grammar, Evolution), Oxford University Press.
8. Kibbee,A., D. (2010), Chomskyan (R)evolutions, John Benjamins Publishing Company.
9. Kruijff, G., M. (2002), Formal & Computational Aspects of Dependency Grammar (Heads, dependents, and dependency structures), University of the Saarland, Saarbr¨ucken Germany.
10. Langacker, W., R. (2008), Cognitive Grammar (A Basic Introduction), Oxford University Press.
11. Morley, G., D. (2000), Syntax in Functional Grammar (An introduction to lexicogrammar in systemic linguistics), Continuum, London and New York.
12. Sugayama, K. and Hudson, R.(2006), WG ( New Perspective on a Theory of Language Structure), Published by Continuum Company.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.15